

# ئاشنابوون بە فرۆید

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان رەئوف

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە،
گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا


سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a·bazgr@gmail·com
07701535029
جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo·com
07701369792


تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
چاپ: چاپخانەی کارۆ



بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

## فرمێسکەکانی ئەو،
### بوونە هۆی لەدایکبوونی مرۆڤ
### فرۆید و نیچە: رەمەکی دایۆنیسیۆسی

**دەیڤید ئالێن کوک**
**لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد**

لە رەوتی پێشکەوتنی مرۆڤ و شارستانێتیدا، رووبەڕووی گەلێک لوتکە دەبینەوە، کە مرۆڤ پێیانگەیشتوە، لە لایەکەوە دەبینین مرۆڤ دڵو ڕەوانی خۆی لەکارە هونەرییە مەزنەکان بەخشیوە، زانستێکی ئەندازەی سەرسوڕهێنەری خوڵقاندوە، بەهۆی زانستی پزیشکییەوە بێشومار گیانی خەڵکی رزگارکردوە، هەروەها لە هەوڵی بڵاوکردنەوە ئاشتیو خۆشگوزەرانی لە جیهاندا داوە، چەندین سەرکردەو ئایدیای مەزنی بەرهەمهێناوە، لە لایەکی تریشەوە ئێبینیدەکەین مرۆڤ چەندین درزو کەلێنی گەورەو مەترسیداری کردوەتە جەستەی ژیانەوە، چۆنێتی گوزەرانکردنی مرۆڤەکان لە نێوان ئەوانەی هەیانەو ئەوانەدا کە نییانە. تاوان، توندوتیژیو شەڕوشۆڕی وەحشییانە زۆر زیادیانکردوەو خێرا خێراش دوبارە دەبنەوە، ژینگەی سەر زەمین بەشێوەیەکی مەترسیدار پیس بووەو باری گران بووە، لەکاتێکدا مرۆڤ تێدەکۆشێت بۆ تێگەیشتنی ئەوەی، کە ئەو لەکوێوە هاتووەو سەرەنجامیشی بەکوێ دەگات، رەنگە سروشتی دوالیزمانەی مرۆڤ، یەکێک بێت لە مەتەڵە زۆر بەرچاوەکان کە پێویست بکات هەڵبهێنرێت.

دوو بیرمەندی مەزنی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی

بیستەم، فریدریک نیچە (١٨٤٤–١٩٠٠)و سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦–١٩٣٩) چەندین بیرۆکەی کەمەندکێشیان دەربارەی رەفتاری مرۆڤ پێشکەشکردوین، کە بەردەوام کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەو دەروازەیـە هەیە، کە لێیەوە مرۆڤ دەڕوانێتە خۆیو بەرهەمە ئەفرێنەرو وێرانەکەرەکانی هزری خۆی. هەریەکە لە نیچەو فرۆید، وەها ڕوانیویانەتە کاراکتەری مرۆڤ رشتەیەکی بەردەوامە لە رەفتارکردن لەسەر چەند تەوەرەیەک، کە بەشێوەیەکی دراماتیکییانە ناکۆکنو پێکیشەوە تۆخمە بنەڕەتییەکانی ئەقڵانییەتی ئەپۆڵۆییو نائەقڵانییەتی دایۆنیسیۆسی پێکدەهێنن. وردبوونەوە لە تێڕوانینەکانی ئەو دوو بیرمەندە مەزنە بۆ رەمەکی دایۆنیسیۆسی لە مرۆڤدا، هەم لێکچوونەکانیانو هەم جیاوازییەکانیشیانمان بۆ ئاشکرا دەکات. هەردوکیان ئەوەیان وەک هێزێکی بنچینەیی لەپشتی بیرکردنەوەو رەفتاری مرۆڤەوە لە قەڵەمداوە.

نیچە لە کتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا)دا، ئەنەلۆگی شانۆی یۆنانی بەکاردەهێنێت بۆ رەتکردنەوەی ئەو ئایدیایەی، کە دەڵێت پرەنسیپە ئەقڵانییەکان جڵەوی مرۆڤیان گرتوە. بەپێچەوانەوە، دەشێت ژیان وەکو تراژیدیایەکی یۆنانی، دادپەروەرانە نەبێت، ئایرۆنیو پڕ ستەم بێتو بگاتە خاڵی بێمانایی، هێڵەکانی نێوان چاکەو خراپە زۆر کاڵن، بۆیە مەزنترین سیمای تراژیدیای یۆنانی ئەوەیە کە ئاوێنەی کرژیی دێرینی نێوان دوو پرەنسیپی ناوەندییە لە کلتوری یۆنانیدا، ئەپۆڵۆییو دایۆنیسیۆسی. بەلای نیچەوە دایۆنیسیۆس نوێنەری چەشنە «وزەیەکی خام» دەکات کە رەگوڕیشەی هەموو شتەکان دەچێتەوە سەری. بەرجەستەی هەست و سۆزە بەگوڕەکان دەکات، وەک تۆقین یان حاڵلێهاتن. کە لەوێدا سەختیی ئەزمونەکە بەشێوەیەکی کاتی جیاکاریی نێوان تاکەکەو خودی هەستەکە دەسڕێتەوە، لەبەرئەوە پاڵنەری دایۆنیسیۆسی لە حاڵەتی پوختەییدا زۆر بەهێزە، بەڵام وێرانکەریشەو هیچ پێکارێک نییە، کە بەهۆیەوە کۆنترۆڵ بکرێت، یان فشاری بخرێتە سەر.

بەڵام پاڵنەری ئەپۆڵۆیی بە پێچەوانەوە دژێکی سروشتی ئـەوە، کە پێویستی بەوەیە مانایەک بدات بە دایۆنیسیۆسی خوڵقاندنی بونیادێک، لە ئوێیەوە بتوانێت ماهییەت وەربگرێت. هەرچۆنێک بێت نیچە هۆشداریی داوە بەوەی،

که ئەو چەمکە ئەقڵییانە وەهمی کاڵ و کرچن‌و وەها دارێژراون بۆ «وا له بوون بکەن، قابیلی تێگەیشتن بێت‌و پاساوی بدرێنەوە»، هەروەها «بەڵام پەردەیەکی ئەنک ئەواوی جیهانی دایۆنیسیۆسی له مرۆڤ شاردوەتەوە»، بۆیه دایۆنیسیۆس نوێنەری جیهانێکی هەستیانەیەو ئەپۆڵۆش هۆکار بۆمرۆڤ دابیندەکات، تا لەناو ئەم جیهانەدا بژی بێ ئەوەی جیهان هەرسی بکات، ئەویش به دابینکردنی پاڵنەری بەرەو جوانی، که پێویستە بۆ ئازادکردنی له هێزە خود روخێنەرەکانی رەمەکه بنچینەییەکانی (ئەپۆڵۆ).

شۆپنهاوەر ئەم پەیوەندییەی بەستوەتەوە به بەلەمێکی باریک لەناو دەریایەکی گەرداوگرتوودا، که تێیدا «دانیشتوەو متمانەی به شارەزاییە کاسکەکەی خۆی هەیە، بۆیه له میانی ئەم جیهانە پڕ له ئەشکەنجەیەدا، تاک به ئارامی دانیشتوە، پرەنسیپی ئاکایەتی پشتیوانی لێدەکات‌و پشتی بەو بەستووە».

وێڕای ئەوەش، بەلای نیچەوە ئەم هاوسەنگییە خۆشمەزەیە له لایەنی «ئیستاتیکای سۆکراتییانەی» روو لەزیادبوونە و خاپورکراوە، که لەوێدا «هەرچیەک جوان بێت، دەبێت ماناداریش بێت». وەک چۆن دراما، هونەر، زانست، فەلسەفە بەوە دەستپێدەکەن، که جەخت بکەنە سەر ئوخمە ئەپۆڵۆییەکان لەسەر حیسابی دایۆنیسیۆسیزم، هەرئاواش هێزە له بن نەهاتوو ئازادکەرەکانی نائەقڵانییەت کورتکراونەتەوە بۆ سنورە سەخت و بەڵام ئارامبەخشەکانی ئەقڵانییەت.

فرۆیدیش هێزو کاریگەریی پاڵنەرە نائەقڵانییەکانی لەسەر هزرو رەفتاری مرۆڤ ناسیوە. فرۆید له کتێبی شارستانێتی‌و نیگەرانییەکانیدا ئایدیای ئەوە دەخاتە روو، که مرۆڤ «وەک بونەوەرێکی بایۆلۆجییانەی خاوەن رەمەکی بەهێز» دووچاری چەشنە نیرۆسێک دەبێت، که له هەستکردن به گوناهەوە هاتوەو لەئەنجامی ململانێی نێوان ئارەزوە راستەقینەکانی‌و ئەو سنورانەی که کۆمەڵگە دەیانسەپێنێت، سەریهەڵداوە. فرۆید ئەو رەمەکانە دەداتە پاڵی (ئەو) که بەردەوام خوازیاری ئێرکردنن، هیچ بەهایەک ناخەنە روو، هیچ بایەخێک به چاک، یان خراپ نادەن، ئەگەر رێگرییان لێبکرێت ئورەیی‌و نیگەرانی‌و بەدبەختییان لێدەکەوێتەوە، بۆیه فرۆید پێیوابووە ئەو مەیلە دایۆنیسیۆسییانە برێنین له رەگی نائاگایانەی هزرو رەفتارە ئاگاکان. وەلێ بەپێچەوانەی نیچەوە، که وا هەستیکردوە،

پێویسته نائەقڵانی وەک لوتکەی گوزارشتی مرۆڤایەتی لەقەڵەمبدرێت، بەڵام فرۆید هەستیکردوه که ئەو رەمەکه ئاژەڵییانه مەترسییەکی شاراوەن بۆ چەشنی مرۆڤ، بۆیه فرۆید زیاتر بایەخیداوه به خوڵقاندنی دەروازەیەکی زانستییانه بۆ ئاشنکردنەوەی ململانێ خۆلێلانەدراوەکان له نێوان داواکارییه بێبابەکانی نێرکردن لەلایەن پێویستییه سەرەتاییەکانەوەو ئەو رێسا سەختانەی شارستانێتی سەپاندونی.

فرۆید پێیوابووه که مرۆڤی بەرایی له رووی سایکۆلۆژییەوه زۆر تەندروست بووه، چونکه دەیتوانی ئارەزوه سنورنەکراوەکانی خۆی تێربکات، سەرەنجامیش چاوەڕێی ئەوەی لێنەدەکرا، ماوەی درێژ ئەو چێژانه بۆ خۆی بهێڵێتەوە. زیاد لەوەش، تەنیا بەهێزترین دەتوانێت بەراستی چێژ لەو ئازادییانه وەربگرێت، لەکاتێکدا زۆربەی زۆرینه لەژێر زەبری هەژمونێکی لەلێپرسینەوه نەهاتوودا دەناڵێنن.

لەبەرئەوەی بەلای فرۆیدەوە، شارستانێتی هەنگاوێکی گرنگه بەرەو هەمووارکردنی ئەو گەمەیەی لەسەر زەمینەی واقیع دەکرێت، که تێیدا پێویسته مرۆڤ «بەشێک له توانستەکانی بۆ کامەرانبوون بگۆڕێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی پشکێک له ئاسایشدا»، بۆیه قودرەتی کۆمەڵگه شەڕەنگێزیی تاک فڕێدەداتەوه بۆ ناوخۆی (مـن)و (منی باڵا) وەک پاسەوانێکی ناوخود پەیدا دەبێت، بۆ کۆنترۆڵکردنی رەفتار لەتوێی هەستکردن به گوناهبارییەوه. فرۆید دەخوازێت ئەو مەیله وێرانکەرانەی ئەو ململانێ ناوەکییانه کەشف بکات، بۆ ئەوەی پیشانیبدات که «ئەو باجەی ئێمه دەیدەین بۆ پێشخستنی شارستانێتی، بریتیه له لەدەستچوونی کامەرانی لەتوێی بڵندکردنەوەی هەستی گوناهبارییەوە». گەرچی نیچەو فرۆید هەردوکیان ئەو سنوردارییەی لەلایەنی ئەپۆڵۆییەوه سەپێنراوە، وەک کاردانەوەیەکی سروشتی بەرامبەر دەسەڵاتی دایۆنیسیۆسی لەقەڵەمدەدەن، نیچه وەکو شتێکی قێزەون بینیویەتی، بەڵام فرۆید به خراپەیەکی پێویست لەقەڵەمیداوه.

رەنگه وەها سەیری ململانێی نێوان دایۆنیسیۆسو ئەپۆڵۆ بکرێت، که نیشاندەری لێکجیابوونەوەی نێوان ئەفسانەو راستی بێت. بەلای نیچەوه راستی شتێکه له قووڵایی جیهانی دایۆنیزیۆسیدا، کەوای لێدەکات بەهیچ کلۆجێک نەتوانرێت

به زاراوەکانی لۆژکیکو هزر بناسرێنەوە، بەڵام دەتوانرێت لەتوێی کارلێککردن، لەگەڵا ئەپۆڵۆییدا درکی پێبکرێت، هەربۆیە هونەرمەندی دایۆنیزیۆسیو بیرمەندی ئەپۆڵۆیی-سۆکراتی خۆیان دەبیننەوە، هەمان ئەرک جێبەجێدەکەن، بەڵام دەگەنە دەرەنجامی جیاواز.

وەکو نیچە سەرنجی داوە «لەکاتێکدا هونەرمەند بە چەندین پەردە راستی داپۆشیوە، بەڵام هێشتا هەر بەوردی چاودێریی ئەوە دەکات، کە پەنهانە، بەڵام مرۆڤی تیۆریست (سۆکراتی) دڵی بە داماڵینی پەردەکان خۆشەوەو ئەوپەڕی پاراوبوونی خۆی لە پرۆسەی پەردەهەڵماڵیندا دەبینێتەوە، کە دەسەڵاتی خۆی بۆ دەسەلمێنێت».

ئەمە چەمکەکەی زەنبودامان دەهێنێتەوە یاد، کە ئەو میتۆدانەی بەکاردەهێنرێن بۆ گەیشتن بە رۆشنبوونەوە، برینی نین لە خودی رۆشنبوونەوە خۆی، ئەمە لە وتەی «پێویستە پەنجە بۆ مانگ درێژبکرێت، بەڵام وای بۆ ئەوانەی لەبەر مانگ پەنجە رادەکێشن». بە واتەیەکی دی، هۆش ئامرازێکی سودمەندە، بەڵام نابێت لەبەرامبەری واقیدا بەهەڵەدا بچێت.

نیچە هەستیکردوە بەوەی کە کێشمەکێشی نێوان تۆخمە دایۆنیسیۆسیو ئەپۆڵۆییەکان شتێکی پێویستە، بەتایبەتی وەک «دەسەڵاتی ئەبەدییانەو رەسەنی هونەر» بەڵام ئەو سەرنجیشی داوە، کە زیاد لەپێویست متمانەکراوە بە هزری ئەقڵانی وەک بناغەی بوونی مرۆڤ. «وەهمی ئەوەی کە هزر بە رێنماییو هەڕەشەی هۆشداریەتی بگاتە بڵندترینو قوڵترین پنتی بوونو بگرە دروستیشی بکاتەوە» ئەمە نیچەی بەتەواویی بێزارکردبوو، دەیوت «هەر کلتورێک ئەفسانەی لەدەستدابێت، بەهەمانشێوە ئەفرێنەرێتی سروشتیو تەندروستی خۆشی لەدەستداوە، بۆیە نیچە لەوباوەڕەدا بوو کە راستی بابەتییانە برێتیە لە بیناکردنێکی ئەقڵییانە، کە هەستێکی ساختەی ئارامییمان پێدەبەخشێت.

هزری ئەقڵانی بە سەروەریی ئارەزوی پەنهانی خۆی بۆ روونکردنەوەی تەواوەتی هەموو شتێک، لەئاکامدا دەگاتە سەر تخوبەکانی خۆیو «بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەو پێدەنێت بە کلکی خۆیدا.» پێکهاتە ئەپۆڵۆییەکە بە لێکدانەوە لۆجیکیە نەخۆشەکانییەوە، دەبێت بەژێر قورسایی درشتو دزێوی خۆیەوەو تەنها

چارەسەریشی بریتییە لە گەڕانەوە بۆ دایۆنیسیۆس.

بەمجۆرە هەستیکردوە لەئازارچەشتنەکانی مرۆڤ تێدەگات، «لەوانەیە مرۆڤ بتوانێت دەستنیشانی ئەوە بکات، کە هەرچیەک بوونی هەبێت، بوونەکەی بوونی شتێکە، هەروەها تاکایەتیش ریشەی هەموو خراپەیەکە»

لەبەرئەوە دیۆنیسیۆس فریادڕەسێکی راستەقینە پێشکەشدەکات، بۆ قوتاربوون لە مەتەڵی مرۆڤ، ئەویش بەوەی پیشانیبدرێت، کە ئەو بە تەنها ناناڵێنێت. قوڵی بێسەرەوبەرەی دایۆنیسیۆس ئەوەیە کە چەشنی مرۆڤ یەکدەخات بۆ ئەوەی کاتێک «مژدەی هارمۆنیبوونی گەردونی سەدای دەبێت، هەموو تاکێک نەک بە تەنها لەگەڵا هاوەڵەکەیدا ئاشتدەبێتەوە، بەڵکو لەگەڵا خودی خۆشیدا پێکدێتەوە». بەلای نیچەوە، نابێت بەهای راستەقینەی ئەپۆڵۆ بەدور لە دایۆنیسیۆس لێکبدرێتەوە، بەڵکو «هاوشێوەییەکی دادپەروەرانەی پێبدرێت، کە لە هەر ساتێکدا بێت وەها دەکات ژیان شایستەی گوزەراندن بێتو ببێتە مەیلدارییمان بۆ ساتەوەختی ئایندە.»

فرۆیدیش لە لایەکی تـرەوە، ئەفسانەی وەک یەکێک لە هۆیەکانی نائارامیی قوڵی مرۆڤ لە ژیندا بینیوە. هەموو مرۆڤێک خواوەندە ئەفسانەییەکانی داهێناوەو توانایی راهـای پێبەخشیون، بەوەش هەموو ئەو شتانەی مرۆڤە مردەکان دەستی پێیان ناگات، یان قەدەغەن، هاتنە بوون. هەرچۆنێک بێت، لەگەڵا سەرهەڵدانی هزری ئەقڵانییانەدا هاوڕێ لەگەڵ پەرەسەندنی بەگوڕی تەکنۆلۆژیادا، سەرەنجام مرۆڤ خۆی بینییەوە، دەتوانێت نزیکەی هەموو ئەو شتانە بکات، کە پێشتر ئەندێشەی کردبوو، ئەو خواوەندانە دەتوانن بیکەن. مرۆڤ، وەک فرۆید دەڵێت، «خۆی بوو بە خواوەند.» لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای هەموو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکەی مرۆڤ، فرۆید سەرنجی داوە، کە مرۆڤ باشتر نەبووە «بە کاراکتەرە خواوەندییەکەی خۆی کامەران نەبوو». مرۆڤ بە خوڵقاندنی ئەفسانەی ئەوەی، کە سەرەنجام توانیویەتی یەکسان بێت بە خودا، گەیشتە پرەنسیپی بوون، کەچی هێشتاش هەر دەبینێت جیهانەکەی پڕە لە پشێویی، بۆیە فرۆید گەیشتە ئەوەی کە سەرچاوەی موعاناتی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی ئەقڵانییانەی ئەو توخمانەی ململانێکەو کە هزرو کردەکانی دیاریدەکەن. پێویستە

چەشنی مرۆڤ وەها لەخۆی ئێبگاتـ، کە برێتیە لە گروپێک لە تاکەکان لە کێشەدان لەگەڵ «رەمەکی ژیانو رەمەکی وێرانکارییدا، کە کاریگەرییان لەسەر چەشنی مرۆڤ هەیە.» بەمجۆرە فرۆید بە زەحمەتـ باوەڕیوایە، کە هەستکردنی رۆحانییانە بەوەی برایەتییەک لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە کە تێیدا «هەستە ئۆقیانوسییەکە»ی یەکبوون شیاوە، هەروەها هەستیشیکردوە، کە دەتوانرێتـ بە شێوەیەکی راشکاوانە هەستەکان شیبکرێنەوە، ئەویش لە رێگای وەسفکردنی نیشانە سایکۆلۆژییەکانیانەوە، هەروەها ئایدیای خۆشەویستی گەردونییانە شتێکی نامۆیە بە سروشتی تاکی مرۆڤ.

گەرچی فرۆید پێیوابووە، کە دەتوانرێتـ رێسا زێڕینەکە بەشێوەیەکی کارامە دابڕێژرێتـ «دراوسێکەتـ وەک خۆتـ خۆش بوێتـ» بەڵام نیچە بەپێچەوانەوە وتویەتی کە «هەتا جیاکاریی لە نێوان خۆتـو ئەودا رانەوەستێنێتـ، ئەوە مەحاڵە خۆشەویستی بناسیتـ.» فرۆید لەگەڵ ئەوەدا بووە کە مرۆڤ دەتوانێتـ بەهۆی «ئەفراندنی زانستییانە» لەپاڵ گوزارشتکردنی هونەرییانەدا، بگاتە کامەرانی ئەویش لە رێگای چێژوەرگرتن لە جوانییەوە. فرۆید وەها وەسفی ئەشکەنجەکانی مرۆڤ دەکاتـ، کە دەرەنجامی هێزە باڵادەستەکانی سروشتـو نابووتی جەستەی مرۆڤو نەتوانینی رێکخستنی پەیوەندییە مرییەکان بن، ئیتر دەتوانین دەرەنجامی ئەوە بکەین، کە رەنگە فرۆید وەها هەستیکردبێتـ، کە باشترین رێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە لە نوێی بەرینکردنەوەی پیادەکارییە تەکنۆلۆژییەکان، پزیشکیو زانستە سایکۆ- کۆمەڵایەتییەکانەوە بێتـ. گەرچی فرۆید وا هەستیکردوە، کە دایۆنیسیۆس بەشێکی گرنگی دەرونی مرۆڤە، بەڵام ئەپۆلۆ دەرفەتێکی گونجاوتر بۆ سەرفرازیی دەخاتە روو، بەوەی مرۆڤ فێردەکاتـ چۆن لایەنە تارکەکەی خۆی بگوزەرێنێتـ.

گەرچی نیچەو فرۆید کۆک نین لەسەر رێژە پێویستەکانی بەشداریکردنی توخمە ئەپۆلۆییو دایۆنیسیۆسییەکان بۆ رێککردنەوەی رەوشی مرۆڤ، بەڵام درک بەوە دەکەن، کە هەردوکیان پێکەوە پێویستنو هەن، هەردوکیان وەکو تاویستەکانی چینی دێرین، رۆشناییان خستوەتە سەر سروشتی بازنەییانەو مەیلی سروشتییانە بەرەو هێزە لێکدژەکان بۆ هاوسەنگکردنەوەی خۆیان، بۆیە نابێتـ بە زاراوەکانی رەشی سادە یان سپی سادە سەیری ژیان بکرێتـ، بەڵکو پلەناکۆتاکانی

رەنگی خۆڵەمێشییە. شانگ تزوی فەیلەسوفی چین (٣٠٠ پ.ز) بەم شێوەیە گوزارشتی لێکردوە «ئەوانەی دەڵێن خۆیان، راستن بێ، ئەوەی پەیوەندییان بە هەڵەوە هەبێت...ئەوانە درک بە مەزنترین پرەنسیپی گـەردون ناکەن، هەروەها درک بە سروشتی ئەفراندنیش ناکەن»، بۆیە هەریەکە لە نیچەو فرۆید پیشانیانداوە، کە دایۆنیسیۆسو ئەپۆلۆ رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە درامای سروشتی مرۆڤدا. وەک چۆن جیاوازییەکی روون هەیە لەنێوان هەردوو رووی پارەیەکدا، بەهەمانشێوە پەیوەندییەکی روونیش هەیە، کەوایان لێدەکات لێکجیانەکرێنەوە، بۆیە بەدڵنیایی پێویستە دەستکەوتە ئەقڵانییەکانی مرۆڤ، هاوشانی نوشوستییە نائەقڵانییەکانی بن..هەریەکەیان بەردەوامی دەدات بەوەی تریان، لە ململانێی بێکۆتایی نێوان دایۆنیسیۆسو ئەپۆلۆدا.

سەرچاوە:

html. ٣٩_http://www. philosophos. com/philosophy_article

## ئەدەب و شیکاریی دەرونی

حەسەن ئەلمودن

**لەعەرەبییەوە: ئومێد عوسمان**

پەیوەندی نێوان شیکاریی دەرونی و ئەدەب، مەسەلەیەکی ئیشکالییەو، هێشتا جێگەی بایەخی زۆرە(١)، هەربۆیە پێشنیاز بۆ خوێنەری بەرێز دەکەم کەلەسەر سێ لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ و هاوبەش هەڵوەستە بکەن، کەتێڕوانین بۆ هەریەک لە فرۆید، شیکاریی دەرونی، ئـەدەب، دەگۆڕێت و سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی نێوان ئەو لایەنانە دروستدەکاتەوەو بەمەش رێگە بە واڵابوونی ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم تێگەیشتنی دەرونی و ئەدەبیمان و ئەو پەیوەندییەی کەلەنێوانیاندا هەیە دەدات.

لێکۆڵینەوەی یەکەمیان لەلایەن رەخنەگری فەرەنسی-جان بیلمان-نویل-ە، لەژێر ناونیشانی: شیکاریی دەرونی و ئەدەب، چاپی یەکەمی بە زمانی فەرەنسی و لەساڵی ١٩٧٨ دەرچووە.

کەئێمەش بۆ زمانی عەرەبیمان وەرگێراوەو لەلایەن ئەنجومەنی باڵای رۆشنبیری لەمیسر، ساڵی ١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە، گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە سەرلەنوێ فرۆید دەخوێنێتەوەو دیسان پەیوەندی نێوان شیکاریی دەرونی و ئەدەب بەشێوەیەک، کە مێژوو و رەخنە کۆدەکاتەوە، سەر لەنوێ دەپشکنێت، بەواتای ئەوەی مێژووی ئەم پەیوەندییە لە سیگمۆند فرۆیدەوە بۆ جۆن لۆک ئامادە دەکاتەوەو هەر بەتەنیاش بەرانانی مێژوویی ئیکنیفاناکات، ئەوەندەی خوێندنەوەیەکی مێژوویی هەڵسەنگێنراو بەئەنجام دەگەیەنێت، دواجار دەگاتە پێشکەشکردنی مینۆدێکی نوێ لە رەخنەی دەرونیداو بە «شیکاریی تێکستی» ناوی دەبات، کەبەوەش لەبری گرنگیدان بە نوسەری کارێکی تەخرێنراو، دەچێتە سەر چڕبوونەوە لەخودی کارە ئەدەبیەکەدا.

ئەوەی لەم کتێبەدا بە پلەی یەکەم بەلامانەوە گرنگە، وەڵامدانەوەیەتی بۆ

ئەو پرسیارە سەرەکیەی کە زۆرێک لە لێکۆڵیارو توێژەوەکانی سەرقاڵکردوە، ئایا پەیوەندی لەنێوان شیکاریی دەرونی و ئەدەبدا هەیە؟

لێکۆڵینەوەی دووەمیش گوتارێکی بوێرانەو چڕوپڕە کەساڵی ١٩٩٨، لەژێرناونیشانی» فرۆید شاعیری نەست» کەخاوەنەکەی -لیدیا فلیم-ە بڵاوکراوەتەوە لەم گوتارەدا ناوبراو ئەوە رووندەکاتەوە، کە فرۆید هەر بەتەنیا پزیشک یان زانایەک نەبووە،بەڵکو ئەدیب یان نوسەریش بووە بەواتای هاوچەرخ دیارە ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکێکە لەو کۆمەڵە لێکۆڵینەوە هاوچەرخانەی کە لەهەوڵی راستکردنەوەی ڕوانینە لەدامەزرێنەری شیکاری دەروونی، بۆ نموونە ئێمە لێرەدا ئاماژە بە(ژاک درێدا) دەدەین، کەهەموو بایەخی خۆی داوە بە فرۆید لەپەیوەندی دیمەنی نوسیندا، واتە هەموو ئەوەی لەنووسینەکانی فرۆیدا پەیوەندی بەنووسینەوە هەیە و پێشتر فەرامۆشکراوە.

بەهەرحاڵ ئێمە ئەم گوتارەمان هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە رەنگە ئەقڵەکان بەشیاوی نەزانن، چونکە گیرۆدەی ئەو وێنایەن کە پێشتر خوێندنەوەکانی لەمەڕ فرۆید بونیادیان ناوە، ئایا دەکرێت فرۆید بەشاعیر دابنرێت؟

دوا لێکۆڵینەوەش ساڵی ٢٠٠٤ لەژێر ناونیشانی پرسیارێکی بوێرو کودەتاییانەدا بڵاوکرایەوە، ئەو پرسیارە کراوە کە ئایا دەکرێت ئەدەب بەسەر شیکاریی دەرونیدا جێبەجێ بکرێت؟ کە لەلایەن نوسەری فەرەنسی (بییر بیار) ەوە نووسراوە، جا ئەگەر مەئلوف بووبێت کە لێکۆڵیاران تاوتوێی مەسەلەی جێبەجێکردنی شیکارێی دەرونیان لەسەر ئەدەب کردبێت، ئەوا نوسەری ئەم کتێبە زۆر بە بوێرانە پێشنیازی هەڵگەڕاندنەوەی رۆڵەکان و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی پەیوەندیەکان دەکات و گاڵتەی بەو بیرکردنەوانەش دێت، کەبەچەقبەستوی دەمێننەوە، بەر لەوەش بچینە سەر باسکردنی هەر پرسیارێک بەجیا لێکۆڵینەوەی هەر یەکێکیان کە پەیوەندی نێوان شیکاریی دەروونی و ئەدەب رۆشندەکاتەوەو سەرلەنوێ بیر لەئیشکالیەتی ئەدەبی و دەروونی دەکاتەوە، ئاماژە بەوەدەکەین کە کەسانێک دەڵێن ئەدیبان و دۆستانی ئەدەب ئەو توانایەیان نییە کە زەمینە سازبێت لەبەکارهێنانی شیکاری دەروونیدا، جا ئەگەر ئەو کەسە لەدۆستانی ئەدەب

بێت، ئەوا ئێبنی یەکەی بەم پرسیارە وەڵامدەدەینەوە، ئەگەر ئەوەی دەقێکی ئەدەبی لەروانگەی رەفتاری یان ئاماژەسازی یان دەستاودەستی بخوێنێتەوە، ئاخۆ راستی ئەوە دەزانێت، کە مەرجە فەلسەفی و ئەبیستمۆلۆژییەکانی کۆنترۆڵکردنی ئەو چەمکانە کامەیە کە بەکاریدەهێنێ دیسان ئەگەر کەسەکە بەشیکاری دەرونی بوو، ئەوا ئێمە لەوەڵامدا دەڵێین ((خۆ شیکارییە دەرونییەکانیش کەقسە لەسەر ئەدەب دەکەن، شارەزای بوارەکەنین، واتە لەدۆستانی ئەدەب نین، جگە لەمەش مەسەلەکە پەیوەستە بە مەشروعیەتی فراوانکردنی شیکاریی دەرونی، بۆ ئەوەی کایە مەعریفیەکانی تریش بگرێتەوە)).

کەئەمەش بۆ خۆی مەسەلەیەکی ناکۆکیانەی دێرینە، چونکە جارێک پێیوایە شیکاریی دەرونی لەمومارەسەی چارەسەری نێورۆیسەکاندا (العصابین)جارێکی تریش گوتاری شیکاری دەرونی دەکرێ لەدەرەوەی بواری پزیشکیدا بەکاربهێنرێت، کە ئامانجیشی چارەسەر نییە، بەڵکو تێگەیشتن و راڤەکردنە هەڵبەتە هەر لەسەرەتای سەدەی رابردووەوە لەلایەن خودی فرۆیدو قوتابیەکانیەوە پرەنسیپی فراوانکردن و مشتومڕکردنی پەسەند کراو کۆمەڵەی دەرونناسانی نێودەوڵەتیش کە ساڵی (١٩٠٨) دامەزرا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی قوڵکردنەوەی شیکاریی دەرونی و برەوپێدانیەتی، جا ئەوە لەجێبەجێکردنە پزیشکیەکانیدا بێت، یاخود لەبەکارهێنانی لە زانستە مرۆییەکانی تردا.

١- ئایا پەیوەندی لەنێوان شیکاریی دەرونی و ئەدەبدا هەیە؟

دەکرێت کتێبەکەی جان بیلمان-نویل-شیکاریی دەرونی و ئەدەب(٢) لەم رەگەزە سەرەکیانەدا کورت بکەینەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

٢-لەپێشەکی کتێبەکەیدا، نوسەر گرنگترین جیاوازییەکانی هەردوولای دوالیزمەکە ئاشکرا دەکات، شیکاری دەرونی ئەدەب، ئەوە دەردەخات کە گرنگی شیکاری دەرونی لەوەدایە کەهەندێ بنەمای باوەڕپێکراو لێکدەترازێنێ، ئەمەش بە گریمانەی» من گەورەی ماڵەکەی نییە» واتەی ئەوەش لەوەدایە شتگەلێک لەناوەوەی مندا بیر دەکاتەوەو کردارەکانی لەگەڵ بیرکردنەوەکانی ئاڕاستە دەکات، بێئەوەی لەرووداني هەندێ دیاردە ئاگاداربێت، هەرچی ئەدەبیشە ئەوا لەرێگەیەوە مەرگی مرۆڤایەتیمان کەبیردەکاتەوەو قسە دەکات رادەگەیەنێ،

کەتیایدا مرۆڤ دەتوانێن پرسیار لەخۆی و قەدەری گەردوونی و مێژوویی و سەرقاڵبوونی زهنی و کۆمەڵایەتی بکات، بێگومان زمانێکی ترەو بەتەنیاش ئەوەناڵێت کە رەنگە بیڵێت، هەروەها دەرونیشم پارچەیەکی یەکگرتوونییە و ئەدەبەکەشم پەیامێک نییە، تەنیا یەک واتای روون لەخۆبگرێت، چونکە کاتێک پەیڤەکان بەشێواوێکی تر کۆدەبنەوە، ئەوا دەسەڵاتی ئاماژەددان بەچاوەڕوان نەکراوو نادیار فەراهەمدەکات بەم پێیەش ئەوا قەسیدە زیاتر لەو پێناسەیەیە کە شاعیر پێناسەی دەکات.

جان بیلمان نویل دەڵێت ئـەدەب، دیدێک لەبارەی واقیعی مرۆڤ و ناوەندەکی و چۆنیەتی ناسینی مرۆڤ بۆ ئەم ناوەندەو ئەو پەیوەندیانەی کەلەگەڵیدا دەیبەستێ، پێشکەش دەکات.

هاوکات شیکاریی دەرونی بەهەمانشێوە خۆی پێشکەش دەکات، لەگەڵ ئەدەبدا بەهەمانشێوە کاردەکەن و مرۆڤ لەژیانی رۆژانەیدا و لەنێو قەدەری مێژوویدا دەخوێننەوەو لەهەوڵی ئەوەشدا بەقسەکردن لەبارەی مرۆڤەوە کەقسەدەکات بگاتە راستیەکان.

-لەفەسڵی یەکەمدا بەم ناونیشانەدا لە: خوێندنەوە لەگەڵ فرۆیددا بیانویەکی زۆر پێشکەش دەکات و هۆگری دامەزرێنەری شیکاریی دەروونی بەگشت جۆرەکانی ئەدەبدا ئاشکرا دەکات و دەگاتە ئەوەی کە فرۆید خوێنەرێکی گەورەو شارەزای ئەدەب بووە، هەروەها بە خوێندنەوە ئەدەبیەکانی وایکردووە پێبنێتە قوتابخانەی بیلمەتانی ئەدەبەوە، ئەوانەی کە لەپێشەوەبوون، بێئەوەی ئـەوان ئاگاداربن، پاشان نوسەر دەڵێت گرنگترین کەشفکردن لەبیردۆزەی نەستدا فرۆید بەدەریخستوە، کەپێیوایە جیاکاری نێوان چالاکیە جۆربەجۆەکانی مرۆڤ جیاکاریەکی دەستکردن، هەروەها خەون و گەمەو داستان و ئەفسانەو نەستن(نەستیش بەوپێیەی سیستمێکی نارێکخراوی تاکە)، کەوابوو رەوایە هەمان راڤەکار کاری لەسەر بکات.

لەم روانگەیەوە دەقی ئەدەبی بێ مەبەست و بێ ئاگاداری خۆی نوسینێکی رەمـزدارەو دەکرێت کۆدەکانی بکرێنەوە، ئەمیش یەکەم لەبەر یارمەتیدانی شیکاری دەرونی لە کۆنترۆڵکردنی میتۆدەکانی و دڵنیابوون لەبنەما باوەڕپێبووە

تیوەریەکانی،  بەپێداچوونەوەی مەعریفەیە مرۆڤ لەبارەی خۆیەوە هەیەتی.

دووەم لەپێناو ئەوەی یارمەتی شیکاریی دەرونی بداٹ، لەخوێندنەوەی دیاریکردنی رەهەندێکی نوێی کەرتی ئیستاتیکی و گوێگرتن لەو ئاخاوتنەی تر، چونکە ئەدەب هەر بەتەنیا باسی ئەوانی ترمان بۆ ناکاٹ، بەڵکۆ باسی ئەوی تر دەکاٹ.

-دیسان نوسەر لەبەشی دووەمی کتێبەکەیدا بەناونیشانی: خوێندنەوەی نەسٹ، ئەوە دەردەخاٹ، کە فرۆید پێش وەخٹ درکی بەوەکردووە کە خەون رێگەی شاهانەیە بەرەو نەسٹ، هەربۆیە کتێبە سەرەکیەکەی کەبەتەنیا نووسی بریتیبوو لە راڤەکردنی خەونەکان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، جان بیلمان-نویل-دەڵێٹ: یەکەم، ئەو خەونەی کەشیکاری دەروونی چارەسەری دەکاٹ بریتیە لەقسەی گوتراو، کەخەوبین کاتێ بەئاگادێتەوە بەرهەمیدەهێنێٹ، واتە بەگوێرەی زارناسان، گوتراوێکی گێردراوەییە، خەون واخۆی پێشکەش دەکاٹ کە دەقێکەو بەنمایشکردن و هەڵچوونەکان دەهونرێتەوە، بەڵام پەیامی کەسێک نییە بۆ کەسێکی تر، چونکە خەون قسەناکاٹ و بیریش ناکاتەوە دیسان فرۆیدیش جەخٹ لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەکارەو ئەو ئارەزووەیش کەتیایدا قسە دەکاٹ لەپێناو ئەوەی هیچ نەڵێٹ لێرەوە پێویستە تیایدا هێزو فۆرم ببینین و گرنگیپێدانی شیکاریش بەئاڕاستەی ئەو کارەی خەون بێٹ کە دەکەوێتە نێوان ئارەزو و قسەی گوتراوەوە دەقی ئەدەبیش وەکو ئەوەی لەمرۆدا تێدەگەیٹ لەم کارە پێکهاتووە، کەدەقێکی رەسەنەو گوتارێکی بێ ناونیشان و بێ مەبەستی پێش وەخٹ و بێ ئاستی دیاریکراو پێشکەش دەکاٹ بۆ خوێندنەوە.

نووسەر دەگاتە زەروورەتی وەبەرهێنانی نووسینەکانی فرۆید لەبارەی خەونەوە لەخوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا ئەویش لەبەربوونی هاوشێوەیی بەهێز لەنێوان هەردووکدا، هەروەها ئەوەی بەلای نوسەرەوە گرنگە، سوود وەرگرتنە لە نوسینەکانی تری بەتاییەتیش کتێبی سایکۆباتۆلۆژیای ژیانی رۆژانەو کتێبی نوکتەو پەیوەندی بەنەستەوە، چونکە فرۆید تیایدا تەرکیز دەخاتە سەر شوێنەواری نەسٹ لەسەر گوتار، هەروەها تیایدا خۆی تەرخانکردووە بۆ شیکاریی دیاردەکان کەبەلای زمان و فێڵ و گەمەکانیەوە گرنگە.

دیسان نوسەر لەفەسڵی سیەمدا و لەژێر ناونیشانی: مرۆڤ دەبێت لەلایەن خۆیەوە خۆی بخوێنێتەوەو دەڵێت» کاتێک مرۆڤ کارێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، ئەوا خۆی تیادا دەخوێنێتەوە، پاشان لەمیانەی خوێندنەوەی ئەوەی کە فرۆید لەکتێبی» میثای سایکۆلۆژیادا تۆماریکردوە کارلێکی نەستی نوسەر لەگەڵ نەستی ئەوی تردا ڕوودەدات جان بیلمان-نویل-گوتارێکی گرنگی فرۆیدی بەناونیشانی «شاعیرو خەیاڵ» ئامادەکرووەتەوە، کەتیایدا فرۆید وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی دەداتــەوە بۆچی نوسەر سەردەکەوێت و خەوبین شکستدەهێنێ کاتێ باس لە خەونەکانی دەکـات؟ فرۆید لەوەڵامدا دەڵێت» چونکە نوسەر لەرێگەی سەنتەرگیرکردن لەسەر خود ئەوە دەلاوێنێتەوە کەلەخەوندا هەیە، هەروەها بەسودوەرگرتن لەتامی نایابی شکڵی و فەراهەمکردنی چێژ بۆ دەروونمان، ئەوا لەگەڵیدا دەربازبوون لەهەندێ نائۆقرەیی دەدۆزێتەوە.

پاشان لەفەسڵی چوارەم و بەناونیشانی خوێندنەوەی مرۆڤ، نوسەر نوسیویەتی کەفرۆید لەبواری شیکاریی دەروونــی ئەدەبدا، رێگەی دیکەی گرتوەتە بەرەو گشت تەرزەکانی لێکنزیکبوونەوە لەخوێندنەوەی مرۆڤەوە بۆ خوێندنەوەی کاری ئەدەبی یان هونەری و هەروەها خوێندنەوەی نووسەر یان هەر هونەرمەندێک فرۆید لەخوێندنەوەی بۆ مرۆڤ بایەخ بە شیکردنەوەی ئەو بنەما سەرەکیانە دەدات، کە کۆدی نوسەرو دەقەکان دەکاتەوەو نوسەرانیش ئەو کۆدانە هەرجارەو بەشێوەیەکی نوێ بەکاریدەهێنن و دەیخەنەگەڕ.

هەڵبەتە ئەو کۆدانە لەسەر دەم و زمان و تاک و بنەچە ڕانەوەستاون، چونکە سەر بەسەرمایەی ڕەمزی مرۆڤایەتین.

واتە نەرێتی رۆچووی نێوشەوی ڕۆژگارەکانن، لەشێوەی نەستدا داستانەکان خورافاتەکان، گوتراوە نموونەییەکان، ڕەگەزو فۆرم و تەرزو ئەنگێزە ئەدەبیەکان.

-لەفەسڵی پێنجەمیشدا نوسەر بەناونیشانی خوێندنەوەی نوسەری مرۆڤ ڕوونکردنەوەیەکی داوەو دەڵێت» ئەو پەنجا ساڵەی بەدوای شیکارە گەورەکانی فرۆیدا دێت، تەنیا شیکارە دەرونیەکان تەرکیزیان کردوەتە سەر لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هەموو بایەخیانداوە بەنوسەرو شاعیرەکان، هەروەها نوسەر ئاماژەی بە بەرچاوترین شیکارکردووە، (رونیە لافورج، ماری بوناپارت، دولای، لابلانش،

مۆری ،فرناندیزه،........)

لەفەسڵی شەشەم و کۆتایدا بەناونیشانی خوێندنەوەی دەق، نوسەر دەگاتە ئەوەی کەخوێندنەوەی دەق، بەواتای خوێندنەوەیەک کەدووربێت لە نووسەرەکەی، کەئەمەش پێشتر لەلای فرۆیدو لەکتێبی وڕێنەو خەونەکان لەگرادیفایەنسندا بوونی هەیە، هەروەها دەکرێت خوێندنەوەی جاک لاکان بۆ دەقی ئەدگار ئالان پو، نامە دزراوەکە ئامادەبکەینەوە، لەم چوارچێوەیەشدا ئاماژە بەکارنامە زانکۆییەکەمان دەدەین کەساڵی ٢٠٠٢ لەکتێبێکدا لەژێر ناونیشانی»بێهۆشی دەق لەرۆمانەکانی ( الطیب صالح) (٣)بڵاوکراوەتەوە، کەتیایدا هەوڵمانداوە رۆمانەکانی (الطیب صالح) لەروانگەی دەرونیەوەو دور لە نوسەرەکەی بخوێنینەوە.

بەگشتی پەیوەندیەکی دۆستانە لەنێوان شیکاریی دەرونی و ئەدەبدا هەیە، هەروەکو ئەوەی جان بیلمان-نویل-دیاریکردوەو دەڵێت» ئەو پەیوەندییەکە فرۆید بۆ خۆی ویستی و لە خوێندنەوە ئەدەبیەکان خۆی پێشتر دەکرد، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی تریش دەریدەخەن کەفرۆید سودی لەخوێندنەوە ئەدەبیەکان وەرگرتوە، لەهەمانکاتدا خەونی بە ئەدەبەوە بینیوە. کە هەرئەمەشە کلودمیار، مەبەستیەتی کاتێک وتویەتی لەناوشیکاریی دەرونیدا هونەر هەیە، کەئەوەش یەکێک لەرەهەندو وێناکردنەکانیەتی.

هەروەها جان بیلمان -نویل-دەڵێت» شیکاریی دەرونی هەر بەتەنیا زانست نییە، بەڵکو لەزانست چاکترە، لەبەرئەوەی هونەری لەبەر یەکهەڵوەشاندنەوەی هەقیقەتێکە لەنێوگشت کەرتە لوغزدارەکانی ئەزمونی مرۆڤایەتی، وەکو ئەوەی مرۆڤ کەدەیگوزەرێنێ، واتە وەکو ئەوەی بۆ خۆی و ئەوانیتری باس دەکات.

٢- ئایا دەکرێت فرۆید بەشاعیر دابنێین؟

گوتارێک بەناونیشانی: فرۆید نەست (٤)دەخەمە بەردەمی خوێنەری بەرێز، بۆ ئەوەی تێڕوانیمان بۆ فرۆید بگۆڕێت، هەروەها دەکرێت ناوەڕۆکی ئەم گوتارە وروژێنەرە لەم رەگەزانەدا کورت بکرێتەوە.

-دەستپێکی گوتارەکە بەم وریاکردنەوەیە دەکاتەوە، مەترسی جیاکردنەوەی نێوان ئەو مەعریفەیەی کەفرۆید دایدەمەزرێنێ لەبارەی نەستەوە، هەروەها ئەو شێوازەش کە ئەم مەعریفەیەی پێدەنووسێ.

لەنوسینەکانیدا جیاکاری لەنێوان ئەکادیمی و ئەدەبیدا نییە، بەڵکو هاوسەرگیریەک لەنێوانیاندا هەیە، دیسان فرۆید(دامەزرێنەری شیکاریی دەرونی) فێرمان دەکات، کەچۆن دەکرێت ئێستاتیکا ببێنە مێتۆد، لەبەر ئەوەی جوت بوون لەنێوان زانست و هونەر، نێورو ئۆتۆبیۆگرافیا بەشێوەیەکی ئەفرێنەرانە دروستدەکات و ئەمیشیان تێکەڵ بە هەڵچوون و بەئەقڵیکردن و بەدیهێنان و خەیاڵکردن دەکات هەڵبەتە ئەو ڕێگایەی شیکاری دەرونی (المحل النفسانی) بەرەو نەست دەبات؟ یەکەی پەیف و ئەو پەیوەندیە پێکەوەییانەدا تێپەڕدەبێت کەگێڕانەوە دەهۆنێنەوە، هەروەها بەشێوەیەکی سەیر لەکایەیەکەوە بۆ کایەیەکی تر دەگوازرێنەوە، لەبینراوەوە بۆ ئەبستراکت، لە ڕۆژانەوە بۆ تیۆری، لەزانستیشەوە بۆ شیعر لە نامەیەکیدا بۆ sandor ferenczi، فرۆید کارە ئەفرێنراوەکانی خۆی بە زنجیرەیەکی یەک لەدواییەکی گەمەی بوێرانە وەسفدەکات، کەلە خەیاڵگیری و ڕەخنەی توند بەناوی واقیعەوە دەرچوون، لەراستیدا فرۆید هەریەک لەمنداڵان و نوسەران و گشت ئەفرێنەران لەم توانستە ئەفرێنەرانەیەدا بەشداری پێدەکات لەپێشوازیکردنی ئەوەی بە ئەگەری دور دادەنرێت، هەروەها فەرامۆش نەکردنی ئەوەی کەپێدەچێت ناهارمۆنیاو شازیان دال و شەرمندەبێت.

لەکۆتایی ژیانیدا، فرۆید بەراوردکاری دەکات لەنێوان شیکاریی دەروونی و زانستە وردەکانداو دەڵێت» هەمیشە من چاو ئەبڕمە زانایانی فیزیاو ماتماتیک کەدەتوانن پشت بەو بنەما توندو وشکانە ببەستن، لەکاتێکدا من پشت بە هیچ نابەستم روداوە دەروونیەکان پێدەچێت پێوانەکردنی مەحاڵ بێت، لەوانەشە هەمیشە هەروا بمێنێنەوە، هەر لەیەکەم کتێبیەوە(لێکۆڵینەوە لەمەڕ هیستیریا (١٨٩٥)، فرۆید دان بەوەدا دەنێت، کەچیرۆکی نەخۆشەکان نەک نەخۆشیەکان وەکو ڕۆمان دەخوێنرێنەوە، هەروەها دەڵێت چارەسەرو شۆکە کارەباییەکان هیچ بەهایەکی لە لێکۆڵینەوەی هیستریادا نییە، لەکاتێکدا شاعیران بەشێوازی پێشکەشکردنی گۆڕانکارییە دەرونیەکان، ڕێگە بە بەدەستهێنانی زیرەکی دەدەن کەیارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە.

–میشێل دۆسیرتێو لە کتێبەکەیدا (٥)باس لەوە دەکات، کە فرۆید ئەفسون و جوانی بۆ مەعریفە گەڕاندوەتەوە، دەبینین کەشیکاریی دەرونی لەرەوانبێژیدا

وێناو ئەدگارەکان دەردەهێنێ (خواستن، ئیدیۆم، گۆڕان، چڕکردنەوە...)، هەروەها دەبینین کەهەمیشە فرۆید دان بەکاردانەوەی هەڵچونەکانیدا دەنێت لەبەرامبەر کەسێک یاخود بەڵگەنامەی بابەتی شیکردنەوەکە بەپێچەوانەی زانستە وردەکان، شیکاریی دەرونی بەکارێکی پێویستی دادەنێت، کە گوتار دان بەخودگەرایی خۆیدا بنێت. دیسان لەکتێبی راڤەی خەونەکان (١٩٠٠)، فرۆید دەڵێت لەپێناو گەیاندنی خەونەکانی بەخوێنەر، ئەوا پێویستە لەسەری کە زۆرێک لەبارەی ژیانیەوە لەبەرچاوی خۆی پیشان بدات، رەنگە ئەم کارەش بەلای زاناوە نەک شاعیر کارێکی نەشیاوبێت.

-لەنامەکەیدا بۆ -arthur schnitzler-فرۆید ئیعتراف بەوە دەکات، کە خۆی لێبەدور دەگرێت و نایەوێت قسەی لەگەڵ بکات، چونکە ناخوازێ بەهاوشێوەو لێکچوەکەی بگات، لەبەر ئەوەی لەبەرهەمەکانی ئەم ئەخرێنەرەداو لەپشت دیمەنی شیعری ئەوەوە، گریمانەو ئەو دەرئەنجامانە هەیە کە تایبەتمەندن بەشیکاری دەروونی.

لەبەرامبەریشدا زۆرێک لە نوسەران و ئەفرێنەران، لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا سەرسامبوونی خۆیان بەکارە تیوریەکانی فرۆید نیشانداوە، بەوپێیەی وەکو کارەکانی ئەوان سەر بە ئەدەبە (تۆماس مان، ئەلبیرکوهن، ڤێرجینیا وۆلف، رۆمان رۆلان...)هەڵبەتە ئەوەش واتای خۆی هەیە کە(ئەلبیر ئانیشتاین) لەبوارێکی ترەوە دێت و لەنامەیەکیدا کە بۆ (٤ی مایسی ١٩٣٩) دەگەڕێتەوە، سەرسام بوونی خۆی بەرامبەر بەنوسینەکانی فرۆید لە گۆشەنیگایەکی ئەدەبیەوە نیشاندەدات و باس لەوەدەکات کە کەسێکی هاوچەرخی تری وەکو فرۆید ناناسێت، کەبەهەمان لێهاتووی و بەزمانی ئەڵمانی بابەتەکەی پێشکەش کردبێت.

-فرۆید پرۆژەیەکی لەنوسیندا پێشکەشکردوە، واتە کاری نوسەر، کەلەفەزای دۆستانەی پەیڤەکان و ئەفسون و دەنگ وێنەکانیدا دەژی یەکەم، فرۆید کارێکی تەواو پێشکەش ناکات، بەڵکو بەلێکۆڵینەوەکانی ناویان دەبات، هەوڵدان تێبینیەکان، پشکێک یان دەروازەیەک، هەروەکو ئەوەی وەرشەیەک بکاتەوەو بە بەردەوامی بە کراوەیی بمێنێتەوە.

دووەم، هەوڵدەدات شتێکی نەبینراو-نەست، بنوسێت، هەروەها

دەشزانێت کەدابەزاندانی ئەوە لەزماندا، گرفتێکی گەورەیە، هەربۆیە بایەخی بە ئەدەب داوە، چونکە شاکارە ئەدەبیەکان لەنوسینی ئەم نەبینراوەدا -اللامرئی- سەرکەوتوبوون. سێیەم، فرۆید هەوڵدەدات کەتێبیگات چۆن نەست لەکۆمەڵێک دیاردەو گوتاردا دەنوسرێت، لەپێش هەمووشیانەوە خەون، هەربۆیە باس لەدەقی رووکەش و دەقی ناوکەش-النص الظاهرو النص الباگن-دەکات و دیسان گرنگی بە میکانیزمەکانی چڕکردنەوەو گۆڕین و بەرووکەشکردن کە کۆنترۆڵی خەون دەکەن، دەدات بەوەش فرۆید لەمەسەلەیەکی سەرەکیدا رۆچوەو هەرئەوەشە لەلای (جاک دریدا) بەکەسێکی پێش سەردەمەکەی دادەنرێت: ئەوە مەسەلەیەکی خواستنگەرایی نوسنیە، فرۆید لەدەقەکانیدا پرسیار لەستراکچەری دیمەنی دەقی خەون دەکات و دیدی خۆی لەسەر جەستەی گوزارشتی چڕ دەکاتەوە، ئەمەش نەک وەک ئەوەی رووکەش هەڵگری ناوکەشی جێگیرە، بەڵکو بەوپێیەی جەستەیەکی خواستنگەرایی فرە واتایەو مەحاڵیشە لەمەدلولێکی تاک و تەنیادا زیندانی بکرێت.

بەگشتی پێدەچێت فرۆید لەکۆتاییەکانی سەدەی رابردودا کەوتبێتە بەر خوێندنەوەگەلێکی نوێ (جاک لاکان، جاک دریدا، جان بیلمان-نویل-....) ئەمەش رێگەدەدات کە بگوترێت، دەقەکانی کراوەو ئاوەڵایەو خوێندنەوەی جۆربەجۆر لەخۆدەگرێت، کەئەمەش زیاتر لەدەقە شیعری و ئەدەبیەکانەوە نزیکترە هەروەکو خاتوو لیدیا فلیمش دەڵێت» نوسینی فرۆید خواستنگەراییەو بەشێوەیەکی ناکۆتایی لەدوای نەستەوە، لەپێناو سەرلەنوێ نوسینەوەی بەرووکەشکردن و گۆڕانەکانی کەپێدەچێت بێکۆتایی بێت دەڕوات، هەڵبەتە بەدوای ئەوەدا دەڕوات بێئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی تەواو کۆتایی بگاتە مەبەستی خۆی لەنێوان هونەرو زانستدا فرۆید رێگەیەکی تر دەکێشێ کە زانست و خەیاڵکردنەوە کۆدەکاتەوە، کە فرۆید بە خەیاڵکردنەوەی تێوری ناوی دەبات.

بۆ روونکردنەوەی زیاتر ئایا گرنگترین شیکاری دەرونی لەپاش فرۆید باس بکەین، جاک لاکان؟ ئاخۆ دەکرێت ئەم شیکارە دەروونیە بەگرنگترین کەس دابنێین کەوانەی فرۆیدی پەسەندکردوە، ئەوەش لەبەر ئەوەنا کەپردێکی لەنێوان شیکاریی دەرونی و زارناسان و بیردۆزە شیعریە هاوچەرخەکان دامەزراندووە، هەروەها لەبەرئەوەش نا کە بە ئیمتیاز بە تۆڕێکی نەستی کراوە بەڕووی گشت

واتاکاندا دادەنرێت، دیسان لەبەرئەوەش نییە کە گرنگترین شت لەدەقی نەستدا بریتی بێت لەهێزی دال و ئامادەیی مەدولولەکەی، هەروەها لەبەرئەوەش ناکە کتێبەکەی بەخوێندنەوەی کاری ئەدەبی کرایەوە، چیرۆکی«نامە دزراوەکە»ی ئەدگار ئالان پو، بەڵکو لەبەرئەوەیە ئەم کتێبە سەرەکیە لەشیکاری دەرونیدا ناونیشانێکی پڕواتای هەڵگرتوە، نوسینەکان Ecrits.

٣- ئایا دەکرێت لەجێبەجێکردنی شیکاری دەروونی بەسەر ئەدەبدا بۆ جێبەجێکردنی ئەدەب بەسەر شیکاریی دەروونی بگوازینەوە؟

١- کتێبەکەی بیربیار: ئایا دەکرێت ئەدەب بەسەر شیکاریی دەرونیدا جێبەجێ بکرێت؟ (٦)بۆ خوێنەری بەرێز پێشنیاز دەکەم.

ئەوەی جێگەی سەرنجیشە ناونیشانەکەی زۆرهێرش بەرانەیە، لەبەرئەوەی زۆرجار خەڵکی پرسیاری ئەوە دەکەن، کەئاخۆ دەکرێت شیکاریی دەرونی بەسەر ئەدەبدا نەک بەپێچەوانەوە جێبەجێ بکرێت، لەراستیدا ئەوەی وایکردووە ئەم کتێبە بەهێزبێت، ئەوەیەکە خاوەنەکەی لەماوەی پانزە ساڵی دوایدا هەشت کتێبی دەرکردوەو لەهەر کتێبێکیشدا بەشتێکی وروژێنەرو چاوەڕواننەکراو دێت، کەدەقەکانی بەخەسڵەتی سەرنجراکێشەرانە و زەرورەتی بیرکردنەوەی زیندوی نوێبوەوە دەناسرێنەوە لەگرنگترین ئەم خەسڵەتانەش.

-بییر بیار، دووسیفەتی جەوهەری تیادا کۆبوەتەوە: شیکاری دەرونی psychanalysteوماۆستای ئەدەبی فەرەنسی لەزانکۆی هەشتەمی پاریس.

-بییربیار، هەشت کتێبی دەرکردوە، کەبوونەتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەران و بایەخ پێدەران و شارەزایانی شیکاریی دەرونی و ئەدەب، ئەوەش بەناکاوگیری و دۆزینەوەو پێداچوونەوەی بڕیارو بنەما باوەڕپێکراوەکان، ئەوەتا لە کتێبی (کێ رۆژیە ئەکرودی کوشت؟) (١٩٩٨)، هەروەها لەکتێبی (هاملیت) توێژینەوەو بەدواداچوون(٢٠٠٢)، ئاشکرای دەکات کەهەندێ لەنوسەران بەهەڵەدا دەچن سەبارەت بە تاوانکارانی نێو کارەکاینان ئەویش بەوەی تاوانکارەکان بە ئازادی وازلێدەهێنن!

دیسان لەکتێبی (چۆن ئەوکارە ئەدەبیانەی ئامانجی خۆیان نەپێکاوە راستدەکەینەوە؟) (٢٠٠٠)، وەرشەیەکی بۆ سەر لەنوێ نوسینەوەی ئەدەب

کردوەتەوە، بەدیدی ئەو تەنانەت نوسەرە گەورەکانیش دووچاری ساتەوەختی لاوازی دەبن و دەبێ رەخنەگرانیش بۆ شوێنەکانیان سەرلەنوێ دابنرێنەوە لەکتێبی: سبەی نوسراودا (٢٠٠٥)، بیار دەپرسێت ئایا ئەدەب ئیلهامی تەنیا لەرابردوەوە وەردەگرێت یان لەداهاتووشەوە؟ ئایا دەکرا کارەکانی (ڤێرجینا وۆلف)لەخەیاڵگیری ئاو و مەرگدا مەلەیان بکردایە، ئەگەر ئەوە لەوەوە سەرچاوەی نەگرتبێت کەخۆکوشتنی لەداهاتودا فێری دەکات؟ ئایا دەکرا (موباسان) بەگێل لەهەندێ کارەکانیدا ناوببرایە، ئەگەر بۆ خۆی لەداهاتودا ئەزمونێکی تاڵی بەئەنجام نەگەیاندایە؟ گرنگی ئەم پرسیارانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کەیەکەم، چاو بەکۆنسێتە تەقلیدیەکانماندا بخشێنیتەوە کە بەبەندکراوی دەمێنیتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی هۆکارەکان بەزەرورەت پێش دەرئەنجامەکان دەکەون، لەکاتێکدا ئەدەب پێچەوانەکەی دەڵێت. دووەم فێری ئەوەبووین کەلێکۆڵینەوەی بێوگرافیای نوسەران وایدادەنێت، کەبەتەنیا ژیان کارێکی ئەدەبی دیار ناکات، بەڵکو رەنگە کاری ئەدەبیش ژیان دیارییکات.

-بییر بیار توانی شێوازێکی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت، لەگرنگترین شەقڵەکانیشی بیرکردنەوە لەپارادۆکس و ئارەزوی گەڕان و بەدواداچوون و گاڵتەجاری، هەربۆیە دەڵێت مێتۆدەکەی ناکاراو بێ ئەنجامە لێرەدا سیفەتێکی تر لەئەسلوبیدا هەیە، ئارەزوی شکست و هەڵەکانی ئامانج و چەوتی و نابووتبوون کەهەر ئەم سیفەتەیە رێگەی پێداوە لەسەر دەقەکان بەرێگەی جۆربەجۆر کاربکات.

لەوانەشە ئەم کارکردنە هەموارکردنەوەی دەقەکان بێت، هەروەکو توێژینەوەکەی لەبارەی هاملێتەوە پێیدەچێت راستکردنەوەو پوختەکردن بێت وەکو ئەوەی لەکتێبەکەیدا لەبارەی (بروست)ەوە هاتوە.

رەنگە وەرچەخانی تەواوی دەقەکانیش بێت وەکو لەو کتێبەیدا سەبارەت بەو کارە ئەدەبیانەی ئامانجی خۆیان نەپێکاوە، هاتووە.

-٢-٣بییر یار، پتر گرنگی بەپەیوەندی شیکاریی دەرونـی و ئەدەب دەدات، ئەمەش راڤەی ئەوە دەکات کەبۆچی ئسلوبی لەنێوان شێلگیری و گەمەدا کۆدەبێتەوە، هەروەها چۆن دەستەواژەکان نەک لەپێناو بونیادنانی مێتۆدێکی نوێ کەبانگەشەی کەماڵ بکات و هەژمونگەرایش بخوازێت ئاوەژو دەکات،

بەڵکو لەپێناو کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێ بۆ بیرکردنەوە لەئەدەب بەشێوەیەکی گاڵتەجاریانە، کەباوەڕی زۆری بەو بنەمایانە نەبێت، کەرەخنە یان بیردۆزەی لەسەر دادەمەزرێت.

دیسان بەجۆرێک لەگاڵتەجاڕی، توێژەر گریمانەیەکی نوێ پێشکەشدەکات: جێبەجێکردنی ئەدەب لەسەر شیکاریی دەرونی، کەدەکرێت ناوەڕۆکەکەی لەم رەگەزە سەرەکیانەدا کورت بکرێتەوە:

-بییر بیار، وایدەبینێ کەرەخنەی ئەدەبی کەلەسەر شیکاریی دەروونی جێبەجێدەکرێت، دووچاری نابووتبوون بووەتەوەو هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەجێبەجێکردنی شیکاریی دەرونی بەسەر ئەدەبدا جەخت لەسەر ئەو بیردۆزە دەکاتەوە، کەلێوەی دەرچـووەو، کاری ئەدەبیش رۆشنناکانەوە، بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر هاتوو پشت بەو مینۆدە ببەسترێت کەشتەکان ئاوەژو دەکات، ئەوا دەکرێت ئەدەب شتێکی زۆر بەشیکاری دەرونی بڵێت.

**مۆباسان**

بەواتایەکی تر، بیرۆکەی سەرەکی لەلای بییربیار ئەوەیە کە گونجاونییە سەرزەنشتی دەقەکان بکرێت و لێکدانەوەکانی لێبکرێتەوە، بەڵکو پێویستە کاربکەین لەپێناو ئەوەی واتاکانی بۆ ناوئێمە درێژ بێتەوەو لێوەی رەگەزی نوێی مەعریفەی لێدەرچێت.

**ئاجاسا کریستی**

-بییر بیار، مەعریفەی مرۆڤی لەمەڕ کۆئەندامی دەرونی وا راڤەکردوە، کەلەسەدەی نۆزدەیەمدا ئاڕاستەیەکی هێواش نەبووەو بەبەهێزیەوە جوڵەی ناسراوە، بەتایبەتیش لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و لەگەڵ فرۆیددا، کەئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی هەندێکە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە سەرلەنوێ خوێندنەوە بۆ پاش شیکاریی دەرونی بکرێت، لەم چوارچێوەیەشدا لەساڵی ١٩٩٤، بیار کتێبێکی گرنگی بەناونیشانی: موباسان، کنومت پاش فرۆید (٧)دەرکردنی، لەم کتێبەدا نوسەر، فرۆید بە یارمەتی موباسان دەخوێنێتەوەو کەشفی ئەو توانستە تیۆریانە

دەکاٹ، کەدەکرێٹ لەکردەی نوسین خۆیدا هەبێٹ، هەروەها لەم کتێبەدا و لەکتێبەکانی تریدا فێرمان دەکاٹ کەچۆن بەئامێکی نوێوە کەشفی هۆمێروس و سۆڤۆکیس و شکسپیرو مۆباسان و هێنری جێمس بکەین.

بیار، لەکتێبەکانیدا بایەخ بەسەرلەنوێ خوێندنەوەی کارە ئەدەبیەکانی پێشووتر دەداٹ و هەندێ لەهاوچەرخەکانی فرۆید، کەفرۆید نەبوون دەپشکنێ، ئەوانەش لەنمونەی(بیسوا، برۆسٹ)، هەروەها دەچێتە سەر نوسەرانی پاش فرۆید، ئەوانەش لەنمونەی، ئەندرێ برۆتۆن، پۆل ڤالێری، سارتەر، ئەگاساکریستی...هتد.

هەڵبەتە ئامانجی بیار لەو کارەی ئەوەیە، کە بەلۆژیکی تایبەتی خۆی ئەوە روونبکاتەوە کەئەدەب هەر بەتەنیا بەخوڵقاندن و ئەفراندنەوە ناوەستێ و«تێوەری تر» پێشکەشدەکاٹ کەشیاوی کەشفکردنەو دەکرێٹ زۆر لەوەش پێشکەوتوتر بێٹ، کەشیکاریی دەرونی پێشکەشی دەکاٹ.

لەم چوارچێوەیەشدا بەشێوەیەکی زۆرگاڵتە جارِیانە ئەوە تۆماردەکاٹ، کە رەنگە شیکاریی دەرونی هەژموونی گشٹ شێوەکانی مەعریفەی کردبێٹ، کە گرنگی بە کۆئەندامی دەرونی دەدەن و بەشێوەیەکیش لەشێوەکان ئەدەبی هەڵلوشیوەو لەسەر تەختی گشٹ مەعریفە شیاوەکانی دەوری کۆئەندامی دەرونی دانیشتوە، دیسان بیار درێژە بەگاڵتەپێکردنی شیکاری دەرونی دەداٹ و سیستمی بیرکردنەوەی بەو سیستمی زانیاریانە دەچوێنێ کەلەمرۆڤدا مومارەسە دەکرێن.

شیکاریی دەرونی بریتیە لە systeme windows کەبێ ئەمە ناکرێٹ بچێتە نێو کۆئەندامی دەرونی، هەروەها فرۆیدیزم لەنزیکبوونەوەی لە کۆئەندامی دەروونی، جێگەی مایکرۆسۆفتی کۆمپیوتەرە شەخسیەکانی گرتوەتەوە، سەبارەٹ بە بییر بیار، ئەگەر بمانەوێٹ بەردەوام بین لەبەرهەمهێنانی فیکر لەمەرِ خود، یان لەمەرِ پەیوەندییەکانی نێوان بوونەوەوە مرۆییەکان، ئەوا پرسیارێکی سەرەکی خۆی دەسەپێنێ.

چۆن لەسیستمی بیرکردنەوەی شیکاریی دەرونی دەربچین؟ هەروەها لەپرسیارەکەوە دور دەڕواٹ و دیسان دەپرسێٹ: چۆن لەشیکاریی دەرونی دەربچین، ئەویش نەک بەرەو دواوە، بەڵکو بەرەو داهاتوو؟ ئەو وەڵامەش کەبیار پێشنیازی دەکاٹ، بریتیە لە ئەدەب بەواتای کەجێبەجێکردنی ئەدەب

پێشنیاز دەکاتْ بەلانی کەمەوە لەکارە گەورەکانیدا لە لێکۆڵینەوەی کۆئەندامی دەرونیدا، بەدیدی بیار، ئەدەب بەشێوەیەکی تایبەتْ، چەمکەکان بەرهەمدەهێنێ، خۆئەگەر بۆ کارەکانی باسکال و سرفانتس و فلۆبیرو بروستْ و ڤالێری و بروتۆن و ناتالی ساروتْ و موباسان و بۆرخیس و زۆلا بگەڕێنینەوە، ئەوا چەمکگەلێک بۆ خوێندنەوەی کۆئەندامی دەرونی دەدۆزینەوە.

بیار چەند نمونەیەکی گرنگ لەبارەی چەمکەکانەوە دەخاتەڕوو، کەدەکرێتْ لەکارە ئەدەبیەکان هەڵبهێنجرێتْ، هەروەها جەختیش لەوەدەکاتەوە کەهێزی نمونە ئەدەبیەکان بۆ تیشکی هەڵهاتوی و گۆڕینی چەمکەکانی بە پەیڤەکان و نەبوونی وردەکاریە تێورییەکانی دەگەڕێنەوە، لەراستیدا تەنیا ئەگەرەکان یان بڕگە تێورییەکانی لە خۆگرتووە، کەپێش پرۆسەی تێوریزەکردن دەکەوێتْ دەربخەن، کەبەفیکری ئـەدەب دەرئەچێتْ و پاڵ بەوانی تـرەوە دەنێتْ بیر بکەنەوە، بەواتایەکی تر لەپێناو ئەوەی وا لەنمونە ئەدەبیەکان بکەین، نەسقێکی رکابەری نموونەیی فرۆیدی بێتْ، ئەوا پێویستە وشەکان بۆ چەمکەکان بگۆڕین.

بەگشتی پێشنیازی جێبەجێکردنی ئەدەب بەسەر شیکاریی دەرونیدا، پێشنیازێکی بوێرانەو بەپێزە، چونکە داهاتوی بیرکردنەوە نیشاندەداتْ، کەدەقە ئەدەبی و تەرزە تایبەتەکان لەداهێنان و ئەفراندن دەیکاتەوە دیارە ئەم پێشنیازە لەلایەن نوسەرێکەوەیە، کەلەهەمانکاتیشدا بۆ خۆی دەرونناس و مامۆستایی ئەدەبی زانکۆیەکی فەرەنسیە، هەروەها بەشێوەیەکی سەیر خەڵکردن و تیۆریزەکردن، گومان و گوێگرتنی بۆ وشە، وشەیەکی تر پێکەوە کۆدەکاتەوەو جوتیان دەکاتْ.

## دامەزرێنەری پەیڕەوی دەرونشیکاری

پینەرگای
لەفارسییەوە:سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

سیگمۆند فرۆید لەشەشی مایسی ١٨٥٦دا لەشاری بچوکی مۆراڤیا، یاخود باشتر بڵێین لەفرلیبۆگ هاتوەتە دنیاوە. ژاکوب فرۆید باوکی بازرگانێکی بێ سەرمایەبوو، دایکیشی (ئەمیلیا)ژنێکی گەنج و قەدو باڵاجوان و لەخۆبایی بوو، کە(٢٠)ساڵ لە ژاکوب مناڵتر بوو، ژنی سێیەمی بوو، ژاکوب فرۆید لەیەکەمین هاوسەرگیری خۆیدا، دوو کوڕی هەبوو کەلە تەمەنی (ئەمیلیا)دا بوون و هەر لای ئەو دەژیان، کوڕی یەکێ لەم دوو زڕبرایە ناوی(جان)بوو، ئەو هەرچەندە برازای فرۆید بوو، بەڵام لەو گەورەتربوو، دۆخی خێزانی فرۆید بەئەندازەیەکی پێویست ئاڵۆزو نادیاربوو تا ئەم کوڕە مناڵ بەهۆش و وردبینەوە سەر لەگۆم و گێژاوە دەربکات، وردبینی ئەم بەخشیشە سروشتییە لەوجودی مناڵاندا، بەجۆرێکی تایبەت لە فرۆیددا بەرچاودەکەوت، بەم شێوازە ژیان دەرفەتی زۆری بۆ فەراهەمدەکرد کە بەدڵی ئەو بوو.

لەساڵی ١٨٦٠ لەوکاتەی کە فرۆید نزیکەی (٤)ساڵ بوو، لەگەڵ خێزانەکەیدا کۆچیانکرد بۆ ڤیەننا، کە لەدیدی زۆربەی کۆچبەرانەوە، شارێکی جوان و رۆمانسی بوو.

کۆچکردنی ئەوان هاوکات بوو بەچەرخی ئازادیخوازی لە ئیمپراتۆری هایسبۆرگ، لەم دەورانەدا یەهودییەکان توانیان لەفشاری باجی قورس و سنورداری ئەحمەقانە، سەبارەت بە موڵکایەتی تایبەت و ئیش و کاروباری ئاینی هەیانبوو رزگاریان بێت، لەراستیدا ئەوان بەچاوەڕوانیەکانی خۆیان بەتایبەت پێشکەوتنی ئابوری، ئامادەبوون، لەمەیدانی سیاسیداو قبوڵکردنی مانەوە لە کۆمەڵگەدا پۆشاکی کار بپۆشن و ئاسۆی چاوەڕوانیان زیادبکەن، فرۆید زۆر لەدوای ئەم دەورانەو قوتابیە پڕکۆششە یەهودییەکان کەهەرکامیان کتێبی (باسی کارەکانی وەزیرانی

کابینە)یان لەجانتای خۆیاندا هەڵدەگرت. دێنێتەوەیاد، ئەم سەردەمە فرۆیدی لاو ئارەزووی گەورە لەمێشکیدا پەنگی دەخواردەوە، لەبەرئەوەی فرۆید کوڕی لەپێشتری دایکی بوو، جێگەی سەرنجی خێزان بوو، توانی بەتەنیا ژوورێک بۆ خۆی تەرخان بکات، هەڵبەتە ئەمەش ئەوکاتە دەستەبەر بوو کەخێزانەکەی باری ئابوورییان باشبوبوو، سیگمۆند فرۆید لەیەکەمین رۆژانی سەرەتای قوتابخانەیدا، تواناو لێهاتوویەکی درەوشاوەی بۆخۆی نیشاندا، لە وانەکانی قوتابخانەی ئامادەیی و ژمینازیوم ساڵ بەساڵ سەرکەوتووتر دەبوو، پلەی یەکەمی بەدەستدەهێنا. لەساڵی ١٨٧٣ داو لەتەمەنی ١٧ساڵیدا لەزانکۆی ڤیەننا وەرگیرا.

ئەو ئارەزوییەکی زۆری هەبوو بۆ خوێندنی «یاسا»، بەڵام ئارەزوی بەرەو لایەکی تر چوو، سیگموند ئەو هۆکارەی کە وایلیکرد واز لەخوێندنی «زانستی یاسا»بهێنێ بە»چاوچنۆکی زانست»ی دەزانی، ئەو مۆڵەتی چوون بۆ کۆلێژی پزیشکی وەرگرت و ئامانجیشی لەهەڵبژاردنی ئەم بەشە، بەدواداچوونی رەوتی ئاسایی بەشی پزیشکی نەبوو، لەراستیدا ئەو مەبەستی بوو بەسودوەرگرتن لە لێکۆڵینەوە زانستی و فەلسەفیەکان، دەست بۆ رێگەچارەی هەندێ لە مەسەلە ئاڵۆزو بێوەڵامەکان بەرێ، کە شەیدای ئەوانەبوو، کارکردن لەبواری فسیۆلۆژی و دەمارناسیدا بۆ ئەو سەیرو پڕسەرنجکێش بوو، تاساڵی ١٨٨١ سەرکەوتوو نەبوو، بەوەرگرتنی پلەی دکتۆرا لەو بوارەدا، سیگمۆند لێکۆڵەرەوەیەکی دیارو بەرجەستەبوو، کە بەبرەودان بەشێوەی بینینی وردو رەخساو بەتایبەتمەندییە زانستیەکانەوە خەریک بوو، مۆڵەتیاندا تا لەژێر چاودێری مامۆستایانی زانکۆدا، کە لەجیهاندا بەناوبانگبوون، سەرگەرمی چالاکی و لێکۆڵینەوە بێت، زۆربەی ئەم مامۆستایانەش سەلمێنگەرایانی باوەڕدارو کارتێکەربوون، کەخەیاڵپەردازییەکانی میتافیزیکیایان بەخراپ دادەنا، لەدیدی ئاینی باوەوە کە لەدەوری دیاردە سروشتیەکاندا بەرجەستەبوو، بەچاوی سوک سەیریان دەکرد، فرۆید لەدوای نوێکردنەوەو چاکسازی تیۆرەکانی، بەتایبەتی زهن کەلەئەسڵدا شێوەی گۆڕاوی تیۆرە فسیۆلۆژیکیەکان بوون، بەهەق ناسییەوە، یادی مامۆستاکانی خۆی دەکردەوە، ئەرنست بروک لەهەمووان لەبیرنەکردوتر بوو، فسیۆلۆژیستێکی دیارو ژیار، بەڵام حەسود بوو، تیۆرەکانی فرۆیدی وەکو زەندیقێک جێی رەزامەندی بوو، فرۆید

لەژینگەی خێزاندا بێئەوەی پەروەردەی ئاینی ببینێ گەورەبوو، کاتێ کەلەزانکۆ وەرگیرا، کەسێکی لائیک زیاتر نەبوو، لەکاتی تەواوکردنی خوێندن لەوێ بەختنە رووی هۆکارە مەنتیقی و زانستیەکان، هەروەکو زەندیقێک (مولحید)مایەوە.

لەساڵی ١٨٨٢دا ئەو بەپێچەوانەی ئـارەزوی خۆی و لەسەر پێشنیاری بروک، وازی لەکارکردن لەتاقیگە هێناو لەنەخۆشخانەی گشتی ڤیەننا بەکاری لەبەرپێداکەوتنەوە خەریکبوو، هۆکاری ئەم ئیش گۆڕینەی جگە لەعەشق و ئیحساس، هیچ شتێکی دیکەنەبوو، لەمانگی ئابدا پەیوەندی لەگەڵ خاتونێکی لاودا دروستکرد، بەناوی مارتا برنایز کەخەڵکی باکوری ئەڵمانیابوو، مارتا هاتبوو بۆ دیدەنی یەکێ لە خوشکەکانی فرۆید ئەو بەبینینی ئەم ئافرەتە سەرنجکێش و وردیلەیە، بەتوندی کەوتە داوی خۆشەویستیەوەو ماوەیەکی کورت لەدوای ئەم ئاشنابوونە بەشێوەیەکی شاراوە، بوونە دەزگیرانی یەکتری، بەڵام فرۆیدی لاو توانای مادی هێندە باش نەبوو، تا ژیانێکی ئابرومەندانەو ئاسودە کە دەزگیرانەکەی لێی دەخواست و بۆ سەرەتای ژیانی پێویست بوو , فەراهەمبکات، تاوەکو لەسێبتەمبەری ١٨٨٦دا بەیارمەتی چەند هاوڕێیەکی دەوڵەمەندی، کە پێشینەی هاوسەرێتی(سلفە زواج) و دیاری هاوسەرێتییان پێشکەشکرد، پاش پێنج مانگ لەشاری ڤیەننا زەواجیانکرد، ئەوان لەماوەی (٩)ساڵی ژن و مێردایەتیاندا بوونە خاوەنی (٦)مناڵ، کەدواهەمینیان ناوی (ئانا)بوو کە لەدواییدا بووە نهێنێ پارێز، سکرتێر، پەرستیارو قوتابی و نوێنەری باوکی، ئەو بەهۆی توانای شەخسی خۆیەوە نەک فرۆیدی باوکی، بوو بەئەندامی دەستەی دەرونشیکارانی بەرجەستە، فرۆید بەر لەزەواجکردی لەئۆکتۆبەری ١٨٨٥دا ١٨٨٦ هاوکات لەگەڵ دەمارناسی بەناوبانگی فەرەنسی جین مارتین چارکوت لەپاریس سەرگەرمی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بوو، بەرگری جەسورانەی چارکوت لەهیپنۆتیزم وەکو کەرەستەیەک بۆ دەرمانی نەخۆشییە جەستەییەکان، کاریگەری لەسەر فرۆید هەبوو، هەروەها بەرگری بێ باکانەی دوایـی ئەو لەم تێورە (لـەو قۆناغەدا تـەواو سونەت شکێن لەقەڵەمدەدرا) کەنەخۆشی هیستریایە، کەپیاوانیش وەکو ژنان ئامادەن بۆ توشبوون، سەبارەت بەبەرگری سەرەتا کاریگەری کەمتری لەفرۆید نەبوو، چارکوت لێکۆڵەری بێوێنەو شارەزا بوو، کە فرۆیدی بەلایەنەکانی دەرمانی و

تیۆری مێشک پەیوەستدارکرد، لەراستیدا نەخۆشیە دەمارییەکان گۆڕابوو بۆ بەشی تایبەتمەندێتی فرۆید، ئەو لەیەکێ لەساڵەکانی دەیەی ١٨٩٠لای یەکێ لەهاوڕێیانی، دەرونشیکاری بەحاکمێکی ستەمکار لەقەڵەمدابوو، لەم دەیەیەدا بوو کەتوانی تیۆری دەرونشیکاری مێشک ئاراستەبکات، فرۆید لەهەمانکاتدا بەسودوەرگرتن لەیارمەتیە تایبەتیەکان، کەسێکی زۆر بەتوانا دێتە بەرچاو، لەساڵی ١٨٨٧ لەگەڵ ویلهام فلیسی پسپۆڕی گوێ و لوتدا ئاشنایەتی پەیداکرد، ئەم ئاشنابوونە، زۆرخێرا گۆڕا بۆ پەیوەندی دڵسۆزانەی نێوانیان.

فلیس هاوڕێیەکی دڵسوز بوو، کە فرۆیدی غەریب و تەنیا حەزی دەکرد دەردەدڵی خۆی لابکات،

ئەو پیاوێکی بیرمەندو روناکبیر بوو، لەبەرامبەر بیروباوەڕەکانی تردا لاواز خۆی دەرنەدەخست و بەئازایەتیەوە خەریکی بڵاوکردنەوەو برەودان بەتیۆرە جەنجاڵەکانی بوو(کەهەندێ کات سودبەخش بوون). ئەو دەمارگیرێکی پڕ شەوق بوو، ئەو تیۆرانەی کەفرۆید دەیخستەڕوو، پشتیوانی لێدەکردو بەهێزی دەکردن، فرۆید فلیس زیاتر لە(١٠)ساڵ بەئاڵوگۆڕی نامەی نهێنیانەو وتاری زانستیانەوە خەریکبوون و هەندێک جاریش یەکتریان دەبینی، تا ئەندێشە شۆڕشگێڕییەکانی خۆیان بخەنەبەر توێژینەوەو وردبوونەوە چالاکی و پیشەیی فرۆید بەرەو لایەک دەچوو، کەدەرکەوتنی دەرونشیکاری بەدواوەبوو، نەخۆشەکان هەروەکو مامۆستا کارامەکان کۆمەڵێ خاڵی زۆریان فێرکرد، فرۆید بەبینینی نیشانەکانی هیستریا لەژناندا بەگوێگرتن لەگرفت و دەردو ئازارەکانیان وردەوردە پەرەی دەدا بەزانست و تایبەتمەندێتی خۆی لەم بوارەدا، ئەوخۆی دەناسی و دەیزانی کە گوێگرتن و بیستن توانایە، بەڵام ئەم نەخۆشانە قسەی زۆریان بۆ وتن پێبوو، کەئەو لەمبارەیەوە کورتی کردبوەوەو دیقەتی پێویستی ئەنجام نەدابوو، لەساڵی ١٨٩٥دا فرۆیدو جۆزیف برۆیەری هاوڕێی کتێبێکیان بەناونیشانی «چەند توێژینەوەیەک دەربـارەی هیستریا» بەچاپگەیاند؛ برۆیەر پسپۆڕی نەخۆشیە هەناوییەکان و پیاوێکی بیربەرز، بەنرخ و سەرکەوتوو بوو، کەفرۆید ئەوەی وەکو باوکی خۆی خۆشدەویست، لەم کتێبەدا نەخۆشەکەی پێشووی برۆیەر»ئانائۆ» هەڵبژێردراو دیاریکرابوو، ئانا بابەتێکی سەیری جێگە سەرنج بوو فرۆیدو برۆیەر چەندین

سەعات دادەنیشتن و بەشێوەیەکی سەمیمانەو جدی دەربارەی ئەو توێژینەوەو گفتوگۆیان دەکرد، ئەوان لەوانەیە نەخوازراو (ئائائۆ)یان وەکو یەکەمین نەخۆش لەزانستی دەرونشیکاریدا بەرجەستەکردبێ، فرۆید بەخوێندنەوەو توێژینەوە دەربارەی (ئائائۆ)بەتەواوی قەناعەتەوە بۆی دەرکەوت، کەهیستریا بەهۆی رادەی کارکردنی نەخوازراوی ئارەزوی سێکسیە لەتاکەکانداو نیشانەکانی پەیوەست بەوە جێگەی توێژینەوەو گفتوگۆیە.

ساڵی ١٨٩٥دەتوانین بڵێین قۆناغی جێگیربوون(دامەزراندن)بوو بۆ فرۆید، بەجۆری کەلەمایسی هەمان ساڵدا بەتەنیا خەریکی توێژینەوەو لێکدانەوەی دەرونشیکاریانەی خەوندا سودی لێوەرگت و پاش چوارساڵ لەکتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان)دا بڵاویکردەوە، فرۆید لەپایزی هەمانساڵدا رەشنوسی باسێکی نوسی و ئاراستەکرد، کە نەیتوانی تەواوی بکات و بەچاپی بگەیەنێ.

فرۆید دواتر ئەم باسەی ناونا دەروناسی زانستی، دەبوایە زیاتر گومان بەرین کەفرۆید لەدەرخستنی هەندێ لەتێوەرە بونیادییەکانی بەتوندی چوەتە ژێرکاریگەری لێکدانەوە دەرونشیکارییە سونەتی و پێشهاتە زهنیەکان، فرۆید دەربارەی دەروناسی بەردەوام، زانیاری زیاتر لەسەر دەروناسی دەخستەڕوو لەبەهاری (١٨٩٦)دا بۆیەکەمین جار زاراوەی چارەنوسساز (psychoanalysi)ی خستەڕوو لەئۆکتۆبەری مەرگی باوکی بەگرنگترین رووداو ناخۆشترین ونکردن لەژیانی مرۆڤ لەقەڵەمدا، ئەم رووداوە ئەنگێزەیەکی بەهێزی لای فرۆید دروستکرد، تاوەکو بکەوێتە خۆی و بەقوڵی بەخودشیکارییەوە خەریک بێت و درێژە بەتیۆرسازی دەرونشیکاری بدات، ئەمە بۆ خۆی شیکردنەوەیەکی سیستماتیکترو وردتر لەخودشیکاری بوو، کە ئۆتۆبیوگراف نوسی بۆ ئەوەی بەراشکاوی ئەنجام ئەدات ٣ یا ٤ ساڵ دواتر، لەکاتێکدا کەبەسەختی سەرگەرمی نوسینی (کتێبی خەو)بوو هەموو رۆژێ رووبەڕووی لێشاوێ لەدۆزینەوە نوێیەکانی دەبووە بەڵام سەرەتا دەبوایە لەشەڕی»تیۆری فێڵ» کەماوەیەک بۆ سەلماندنی خەبات و پێداگری کردبوو، ئازادبوایە لەبەرامبەر ئەم تیۆرەدا هۆکاری دەرون رەنجاندن، سەرەتای چالاکی سێکسی کتوپڕ لەتاکەکانداو بەشێوەیەکی دیاریکراو، بووە مایەی ئازارو ماندووبون لەسەردەمی مناڵیدایە، هەروەها فرۆید لەم تیۆرە

دور لە دەست گەیشتن و زیاتر ئەگەری ئازادی دەدۆزییەوە، دەیتوانی بەناسین و دەرککردن بە رۆڵی ئاڵۆزی لەژیانی زهنی خەریک بێ و سەرکەوتوو بێ بە دۆزینەوەی گرێی ئۆدیب، ئەو گرێیەی کەرەهەندی سێ رویی خێزان پەیوەندی دروستدەکات، فرۆید کتێبی «لێکدانەوەی خەونەکان»ی لەنۆڤەمبەری ١٨٩٩دا بڵاوکردەوە، ئەو لەم کتێبەدا خەونەکان وەکو ئەنجامی ئارەزوەکان و بەدیهاتنیان دەنوسێ و دەربارەی چارەسەری زهنی باسێکی چڕۆ پڕ دەخاتەڕوو، ئەو باوەڕیوایە کەئەم چارەسەرە زهنییە هۆکارو ئەنگێزەی خۆی بەنمایشێکی سەیر دەگۆڕێ، کە کەسی خەو بین کاتی بێداربوونەوە ئەوانە دێنەوە بیر.

لەبەشێکی دژوارو ئاڵۆزی ئەم کتێبەدا فرۆید پێشنیازێک دەربارەی تیۆری هەست و نەست دەخاتە بەرچاوی خوێنەران لەسەرەتادا پێشوازی زۆر زیاد لەم کتێبە نەکرا لەماوەی (٦)ساڵ لەبڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا تەنیا (٣٥١) بەرگی لێفرۆشرا، پاشان لەساڵی ١٩٠٩دابوو کەچاپی دووەمی بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەو کتێبەی کەجێگە پەسەندی گشتی بوو «سایکۆ پاتۆلۆژیای ژیانی رۆژانە»بوو کەفرۆید لەساڵی ١٩٠١دا نوسی بووی، ئەم کتێبە خوێنەری زۆری هەبوو، ئەو بەنوسینە جێگەی سەرنج و کامڵەکانی کەلەم کتێبەدا کۆیکردبووەوە، هەرچەندە لەوانە شێواو و ناڕێک بووین، خەریکی ناساندنی خاڵی تیۆرە بونیارییەکانی خۆی تەتایبەتمەندی زهن بوو باوەڕی وابوو، کەکارکردی زهن گوێڕایەڵی یاسا جێگیرەکانە،لەم بارەیەوە سەرنجتان بۆ نمونەیەکی واقیعی ڕادەکێشین ،بەم شێوازە کە پلەی باڵای دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی (ڤیەننا)ڕووبەڕووی کۆمەڵێ قەیران دەبێتەوە.ئەو بەخوێندنەوەی بەیانی ڕەسمی، ئەنجومەنەکە دەکاتەوە. بەهۆی هەمان بەیاننامەوە ئەنجومەن پشوودەدات .هەستی بەنەفرەتکردنی نوێ لە دانیشتنەکانی دواتری ئەنجومەن لەم کەسەدا دێتە بوون .لێرەدا بەپشووکردنی ئەنجومەن، بەهۆکارێکی خێرا دەژمێردرێ لەدروستبوونی ئەم هەستەدا ،فرۆید گەرچی هێشتا چاکسازخوازێکی سەرچڵ بوو، بەڵام وردە وردە ناوبانگی دەرکردو هەواداری زۆر دەبوو. ساڵی ١٩٠٠ شەڕێکی توند لەنێوان ئەو فلیس دا ڕوویداو پاش ئەو ماوەیەک لەگەڵ یەکتریدا نامەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، بەڵام هەرگیز یەکترییان نەبینی. لەماوەی ئەم ساڵانەدا کەتەوژمی یەهودگەڕایی فەرمانڕەوا بوو،فرۆید لەو

ئەوژمەدا شانسی هەبوو، بەڵام سەرەنجام لەساڵی ١٩٠٢ وەکو مامۆستای زانکۆی ڤیەننا دامەزرا. لەکۆتایی هەمان ساڵدا فرۆیدو چوارکەسی تر لەپزیشکانی ڤیەننا، شەوانی چوارشەممە لەئاپارتمانەکەی ئەو لە ((بیرگایس))ژمارە١٩ دادەنیشتن.

لەم کۆبوونەوانەدا بابەتی دەرونشیکاری دەبووە جێگەی توێژینەوەو بیروراگۆڕینەوە بەتێپەڕینی (٤)ساڵ ژمارەی ئەندامانی هەمیشەیی لە(١٢)کەس زیاتربوو، بەجۆرێک کەکەسێکیان بەناوی «ئوتۆرانک»وەکو سکرتێری کۆبوونەوەکان هەڵبژارد، تا بەتوێژینەوەو گفتوگۆی زیندو شێوەی دانشتنێک وەربگرێ، سەرەنجام لەساڵی ١٩٠٨دا شێوازی ئەم دانیشتنانە گۆڕاو بوو بە ئەنجومەنی دەرونشیکاری ڤیەننا، هەندێ لەئەندامانی پیاو و (ژمارەیەکی کەم لەئافرەتانی ئەندامی ئەنجومەنەکە) بەتوندی لەژێرکاریگەری تیۆرەکانی»فرۆید»دابوون.

لەساڵی ١٩٠٥دا فرۆید بەنیشاندانی دووەمین کاری گەورەی تیۆری خۆی «سێ وتار دەربارەی تیۆری سێکسی» پایەکانی ئەندێشەی دەرون شیکارانەی خۆی پتەوکرد، فرۆید لەم کتێبەدا باسێکی گشتی دەربارەی خۆی ناشرین و گەشەی سروشتی و ئاسای تاکەکان لەسەردەمانی مناڵ تا هەرزەکاری خستوەتەڕوو، خاڵی لەهەر جۆرە خەوش و رەخنەیەک کەلەراستیدا تا ئەو رۆژە لەناوەندی پزیشکیدا بێ وێنەو نەناسراوبوو خستەبەرچاوی خوێنەران، جارێکی تر لە ١٩٠٥دا کتێبی سەرگەرمکەری خۆی» بەشێک لە لێکۆڵینەوەی کەسێکی هستریایی»نوسی کەناوی لێنرا بەسەرهاتی»دۆرا» «Dora case»ئەم کتێبە پڕە لەباسی بەناوبانگە، کە فرۆید دەربارەی یەکەمین نەخۆشەکانی خۆی نوسیویەتی و لەقاڵبی گاڵتەو پێکەنیندا باسیکردوە، ئەو لەهەمانکاتدا دانی پێدادەنێ کە توانای دیاریکردنی توانای گواستنەوەی نەبووە لەشوێنی شیکردنەوەدا، بەڵام نەبوونی هاودڵی بەو نەخۆشە لاوانەی کەدەبوونە دەرونشیکار، ئەم شێوەیەی بەبابەتێکی جەنجاڵ ئامێز گۆڕیبوو، فرۆید لەدەیەی نوسیندا بەخستنەڕووی باسەکانی دەربارەی»٣»نەخۆشی ئاڵۆزی تر، هونەری دەرونشیکاری پەرەپێدا، لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی نەخۆشی ترس»فۆبیا»ی کوڕە منداڵێکی پێنج ساڵە (هانسی بچوک) لەساڵی ١٩٠٩دا کۆمەڵە یاداشتێک دەربارەی دەرونی نەخۆش و وەسواسی «موشمرد» و کۆمەڵە لەیاداشتێکی دەرونشیکارانە دەربارەی بەسەرهاتی و ژیاننامەی نەخۆشێکی پارانوئیدی بەسەرهاتی

شربەر (schreber)لەو ساڵانەدا لەگەڵ ئەوەی کەشیکردنەوەی نوێ دەخرایەڕوو، بەڵام توێژینەوە دەرونشیکارییەکانی فرۆید نمونەی ئەو شرۆڤەکارییانە نەبوون بەمانایەکی روون ئاوێزەیەکی بەرفراوان لەنەخۆشیە دەرونیەکان پڕدەکرد ئەو لەساڵی ١٩١٠ بەدواوە بۆ جێگربوونی شێوە دەرون شیکارییەکانی خۆی لەسەر پایەجێگیرو پتەوەکان، وتارە کاریگەرو بێ وێنەکان بڵاودەکردەوە، لەراستیدا ئەو هەرگیز لەتێورەکەی غافڵ نەبوو وتارە بەنرخەکەی «بنەماکانی پەیوەست بە دووئەسڵی کارکردنی زهن» نمونەیە بۆ ئەمە فرۆید لەم وتارەدا جیاوازی نێوان «پاشهاتی یەکەمین»واتە پاشهاتی سەرەتایی و توخمی ناخود ئاگا لەزهن و «پاشهاتی دووەمین» کەکارکردی لۆژیکی و هۆشیارانەی زهنە، ئاشکرا دەکات، لەدرێژەی ئەم ساڵانەدا بەبڵاوکردنەوەی ئەو وتارانەی سەبارەت بە ئاین، ئەدەبیات، رەفتارە سێکسیەکان، بەسەرهات نوسی، پەیکەرسازی خوێندنەوەی مرۆڤی بەر لەمێژوو زۆربابەتی تر، خۆی لە کۆتی یاسایی بووی پزیشکی و زانستی تایبەتی تێوری، ئازاد دەکات» ورێنەکان و خەونەکان-١٩٠٧)، نوسەرانی داهێنەرو فەنتارزی١٩٠٨)، مۆڕاڵی سێکسی لەدنیای ژیارو نەخۆشی مۆدێرنی دەماری ١٩٠٨)، هەروەها لێکۆڵینەوەی لەبارەی تێوری سێکسی کەبەشێوەی هەمەلایەنە توێژینەوەی لەسەرکردبوو، (یادەوەری منداڵی لای داڤنشی ١٩١٠) لەنمونەی بەرهەمە بێ شومارەکانی فرۆیدن، فرۆید باوەڕیوابوو کەوتارە رۆشنبیریەکانی بەم شێوازە بوو، کەئەو بەئارەزوو خواستەکانی سەردەمانی لاوییەتی خۆییەوە ئیشی دەکردو هەندێ لەنهێنیە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤی دەخستەڕوو.

فرۆید لەساڵانی دەیەی ١٩٠٥-١٩١٤دا بەهۆی بوونی جیاوازی و ناکۆکی ناخۆش و قەیرانەوە لەجیهاندا، بینەری دەرکەوتنی بروسکە ئاسای بزوتنەوەی جیهانی-بزوتنەوەی خۆی بوو، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەوێ رێوشوێن هەڵگرتنی دەرونشیکاری رۆڵی ناوەندی و دیاریکراوی دەنواند، دوو ئومێدی سەرەکی فرۆید بۆ بەردەوامی، دان بە ئەندێشەکانی لەئایندەو دروسنکردنی توێژینەوەو گفتوگۆی دەوروبەریان، پزیشکی بەهۆش و سۆسیالیستی خەڵکی ڤیەننا ئەلفرێد ئەدلەر (١٨٧٠-١٩٣٧) و ئەوەی تر دەرونشیکاری داهێنەرو کەللەشەقی سویسری کارل جی یونگ (١٨٧٥-١٩٦١)بوون، ئەدلەر بەیەکەمین هەوادارانی فرۆید دەژمێردرێ

لەڤیەنناو چەندین ساڵ بەرامبەر فەلسەفەکانی وەفادار مایەوە، بەبوونی زۆربوونی هەرچی خێراتر ئارەزوە پیشەییەکانی تاک(بەشێوەیەکی گشتی نەک لەلایەنی خێرخوازییەوە) لەکۆمەڵەی دەرونشیکاری و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی هەرچی زیاتری ئەندێشەکانی فرۆید لەکۆمەڵەی دەرونشیکاری سیگمۆند موشناقانە لەزێدی خۆیدا لەهەوڵی فراوانکردنی زیاتری ئەم زانستەدا بوو ، فرۆید لەگەڵ ئەوەی کەهەوادارێکی بێ شوماری لەڤیەننا هەبوو، کەچی شوێنەکەی بەسنوردار دەزانی کە خودی خانەقاکانیش لەگەڵیدا نەدەگونجان.

فرۆید لەساڵی ١٩٠٦دا کاتێ کەبەخێرایی وەڵامی وتارێکی چاپکراوی لەرۆژنامەدا دایەوە لەلایەن یونگ، پاشان لەلایەن دەرونشیکاری دیارو بەرجەستە لەکلینکی بەناوبانگ (burgholzli)زیـــۆرخ بۆ ئەو نێردرابوو بەمشێوازە بوو، کەنوسین و پەیوەندی دۆستانەی نێوانیان دەستپێکرد لەسەرەتای ساڵی ١٩٠٧دا کاتێ کە چاوی کەوت بەفرۆید هاورێیەتی ئەم دوانە زیاتر پتەوبوو، فرۆید، لەم قۆناغەدا تەنیا (٥٠)ساڵبوو، بەهێزو پڕکار دەهاتە بەرچاو، بەڵام بەتێپەڕاندنی ئەم دەیەیەو هەنگاونان بۆ قۆناغی بەساڵاچوان و پیرتربوون، زیاتر دەیڕوانییە قوڵایی ئەندێشەکانی، ئەو لەهەوڵی ئەوەدا بوو جێنیشنێک بۆ خۆی پەیدابکات، ئاشێوازی دەرونشیکاری کەلەخاکی ڤیەنناو قەڵەمڕەوی جولەکەکان سنوردارکرا بوو، بۆ نەوەکانی ئایندەو دنیایەکی فراوانتر لەوێ بگوازێتەوە، ئاشنابوون بەیونگ رووداوێکی گرنگ بوو، یونگ هاودەمێکی بەرجەستەو سەرکێشێکی لاو، چالاک و پڕ وزەبوو، یونگ پەیوەندی بە شاری ڤیەنناو نەتەوەی جولەکەوە نەبوو، لەیەکەمین کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی دەرونشیکاری کەلەبەهاری ١٩٠٨دا لەسالیزبۆرگ بەڕێوەچوو، ناوی ئەو لەریزی کەسە دیارو بەناوبانگەکان بوو، ئەو لەدوای ئەم کۆبوونەوانە بووە سەرنوسەری کتێبی ساڵ، فرۆید کەلەگەڵ یونگدا دەبوو شادمان و دڵخۆشبوو ئەوی بەمناڵی خۆی دەزانی و لەکاتی بەخێرهاتندا ئەوەی بەجێنشینی خۆی بانگدەکرد، لەراستیدا بووە مایەی دڵگەرمی ئەو لەم رووەوە کاتێ کە ئەنجومەنی نێودەوڵەتی دەرونشیکاری لەمانگی مایسی ١٩١٠دا دامەزرا، هەڵبژاردنی یونگ، وەکو سەرۆکی ئەنجومەن شتێکی لۆژیکی و بەڵگەنەویست بوو لایەنگرانی فرۆید لەڤیەننا کاتێ کەزانیاری لەبری شارەکەی

خۆیان، شاری زیۆرخ بوەتە شوێنی کۆبوونەوەی دەرونشیکاران، پەشۆکان و ئەم رووداوە بەلای ئەوانەوە رووداوێکی ناخۆشبوو، بەڵام پاشان بەو سازش و رێکەوتنەی لەنێوانیاندا بوو ئاشتی و ئارامی روویکردەوە کۆمەڵەی دەرونشیکاری، بەڵام ئەدلەر پەرەی بەئەندێشەیەکی جیاواز دەدا.

بەم شێوازە بوو ناکۆکی و جیابوونەوە کەوتە نێوان دەرونشیکارانەوە، لە هاوینی ١٩١١دا ئەدلەر و چەند کەس لەهاوبیرانی لەفرۆیدو هەوادارانی ئەو جیابوونەوەیە توانیان لەسەرپەرشتی و چادێری بەسەر ئەنجومەندا بەتەنیا جێبهێڵن.

فرۆید لەوەرگرتنی خەڵات و گەیشتن بەپلەی زانستی چانسی هەبوو.

لەئەیلولی ١٩٠٩دا لەزانکۆی کلارک لەورستری ماساچوست بەهاوکاری یۆنگ پلەی دکتۆرای فەخری وەرگرت، بەڵام یۆنگ هەروەکو ئەدلەر وردە وردە لەئەندێشەوە ئەفکاری فرۆید دووردەکەوتەوە، چونکە جەختکردنەوەی فرۆید لەسەر وەزی تیۆری سێکسی لیبدۆ هەرگیز لەلایەن ئـەوەوە قبوڵ نەکرا، تاسەرەتای ١٩١٢ کەسانی تریش یەک لەدوای ئەوی تر راکێشەری ئەم ئەندێشە موحافیزکارانە بوون، بەمەبەستی رێگری لەپێشکەوتنی ئەم تەوژمە ئەرنست جۆنزی ئینگلیزی، پارێزەری بنەڕەتی فرۆید، کۆمیتەی بەرگری پێکهاتو لەگروپێکی نهێنی لەدەرونشیکاران دامەزراند، لەم کۆمیتەیەدا خودی ئەرنست جۆنز، فرۆید، ساندور فرنکزی(هەواداری سەرسەخت لەبوداپێست) هانس ساکس پارێزەری گاڵتەچی و بەهۆش لەخەڵکی ڤیەننا، کارل ئەبراهام پزیشکی گشتی و نیۆرسازو ئاتورانک نەخشەسازی بەرهەمەکانی فرۆید، کە کەسێکی زیرەک بوو بەشدارییانکرد، لەکۆتایی ١٩١٢ بوو پەیوەندی فرۆیدو یۆنگ کشایە دواوە.

فرۆید لەگەڵ ئەو هەموو هیلاکی و فشارەی کە بەهۆی کاروباری پەیوەست بە دەرونشیکارییەوە تووشی هاتبوو، درێژە دەدات بە لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەربارەی مەسەلە کلینیکە جۆراو جۆرەکان، ئەو لەساڵی ١٩١٣دا بەرهەمی لێکۆڵینەوەی بەرجەستەو بێ باکی خۆی، واتە کتێبی «تەوتەم وتابۆ»ی بڵاوکردەوە، ئەو لەم کتێبەدا قۆناغی پێش مێژوو لەدیدگای دەرونشیکارانەوە دەخاتە بەر توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو رابردویەکی زۆر دورو نادیار وێنا دەکێشێ، کەتیایدا مرۆڤی ناشارستانی بە باوک کوژی و هەستکردن بە گوناهێکی زۆر دەچێتە ناو

بواری رۆشنبیرییەوە.

فرۆید لەساڵی ١٩١٤ و لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، وتارێکی بەناونیشانی «موسای مایکل ئەنجیلۆ» بەنازناوی ترەوە بڵاوکردەوە، فرۆید لەم وتارە باش و سەرسورهێنەرەی خۆیدا باسی لەپەیکەرتاشی پڕ هەیبەتی مایکل ئەنجیلۆ دەکات و پەیوەستی دەکات بە تواناو بلیمەتی ئەو لەنێڕامان بە کەرەستەوە، فرۆید لەهەمان ساڵدا دەستی بە نوسینی وتارێکی جەنجاڵ دەربارەی خودشیکاری کرد، کەلەسەر تیۆرەکەی خۆی، واتە تیۆری هێدوە«نیرۆتیک» بوو کەناوەڕۆکەکەی لەسەر دووبەشی عاشقانەو خۆپەرستی بوو بەدیدی شک و گومانەوە دەیڕوانی و بەم شێوازە لایەنە بونیادییەکانی فەلسەفی دەرونشیکاری لەبناغەوە شیکردەوە.

بەڵام سەرهەڵدانی رووداوو بوونی قەیران لەمەیدانی نێودەوڵەتیدا بەرپرسیارییەتی جیاوازی دەخستە سەرشانی فرۆیدو ئەویش توێژینەوەی سەر لەنوێی تیۆری دەرونشیکاری بوو لە ٢٨ ژەنیوەری ١٩١٤دا فرانسیس فردیناند دۆکی گەورەی ئوتریش و هاوسەرەکەی کوژران و «٦»هەفتە پاش ئەم رووداوە لە (٨/٤)دا جەنگ لەئەوروپا دەستپێکرد، یەکەمین رووداوی ناخۆش لەزانستی دەرونشیکاریدا راپۆرتێ بوو بەناونیشانی» بەسەرهاتی ئازاری دەرونی سەردەمانی منالی» کەفرۆید لەپایزی ١٩١٤دا دەربارەی کەسایەتی زۆر بەناوبانگ و رووداوی، واتە گورگەپیاو نوسی، بەڵام ئەم وتارە تاساڵی ١٩١٨ بڵاونەکرایەوە.

دەرونشیکاری دەچێتە قۆناغی وەستان و لـەم بارەیەشەوە کارو لێکۆڵینەوەی شایستە ئەنجامنادرێ، ئـەو نەخۆشانەی کەبەهێزی شیاوی دەرونشیکاری دەژمێردران، لەبەرەکانی جەنگدا سەرگەرمی خزمەت بوون و زۆرێک لە دەرونشیکاران وەکو تیمی پزیشکی بانگهێشت دەکران، نامە نوسینی دوو رکابەر واتە جۆنزو فرۆید زۆر لەبەرچاو نەبوو، بڵاوکردنەوەی بەشەکانی دەرونشیکاری گەیشتبووە ئاستێکی زۆرنزم و ئەنجومەن کە بەپردی پەیوەندی گرنگی نێوان دەرونشیکاران دەژمێردرا لەم قاعیدەیە نەبواردرابوو، قەیران و جەنگەکان لەو قۆناغەدا هەردەم نیگەرانیەکانی فرۆیدی زیاددەکرد (٣)کوڕی بەشدارییان لەجەنگدا کردبوو، دووانیان رووبەڕووبوونەوەیان بەمەترسی مەرگ لەئان و ساتدا بووە هۆی ئەم قەیرانە، هەرگیز فرۆیدی نائومێد نەکرد، ئەو

درێژەیدا بە چالاکیەکانی خۆی و هەرگیز سستی و تەمبەڵی نەنواندو زۆر سودی لەدەرفەت و کاتەکان وەردەگرت بۆ پێشخستنی مەبەستە بەنرخەکانی خۆی، فرۆید بە پەیوەستبوون بە لێکۆڵینەوەو کاروچالاکی، دڵتەنگی و نیگەرانی فەرامۆشکرد، ناوەڕاستی مانگی مارس و جولای ١٩١٥دا ئەو دوانزە وتاری گرنگ و بونیادی دەربارەی «میتاپسیکۆلۆژیا لەزەمینەی پرسیار گەلی تیۆریدا» نوسی فرۆید سەرەتا ویستی ئەم دوانزە وتارە وەکو ناوەڕۆکێکی پتەو لەکتێبێکدا کۆبکاتەوە، بەڵام لەئەنجامی ئەم کارە وازیهێنا، پاش ئەوەی لەماوەی ساڵانی ١٩١٥-١٩١٧دا پێنج وتار لەو وتارە نوسراوەکانی بەچاپگەیاندو باقیەکەی لەناوبرد، ناڕەزایەتی پڕ نادیاری فرۆید لەم وتارانەدا، ئاماژەیە لەسەر ئەم بابەتە کەفرۆید تەسەوری دەکرد کە وتارەکانی لەم بوارەدا بەرگریکردنە لە گوتاری دینامیکی ئەو پێشنیارەی کە فرۆید گرنگیپێدەدا بەو بینینانەی کە لە ئەنجامی شیکارییە پزیشکیەکانی بەدەستیهێنابوو بەراورد نەدەکردو ئەو لەم بابەتە زۆر نیگەران بوو، بەڵام هێشتا جێگەی خاڵی ڕێکاری دڵنیاو ڕەزامەند بەخش هەستپێدەکرد وێڕای ئەوە دەبوایە تا کۆتایی جەنگ بە چاوەڕوانیەوە دابنیشێ.

چالاکیەکی تری هەرچەندە فرۆید لە ساڵی ١٩١٥دا واتە لەسەردەمی جەنگدا بۆ بە ئەنجامگەیاندنی دەستپێشکەری کرد ڕەزامەندی زۆر نەبوو لەسەر ئەنجامدانی، پێشکەشکردنی کۆڕو وتاربوو لە زانکۆ، ئەو ئەم وتارەی لەساڵی ١٩١٧دا لەکتێبێکی یەک بەرگیدا بەناونیشانی»چەند وتارێکی بەرایی دەربارەی دەرونشیکاری»دا بڵاوکردەوە، فرۆید بەو زیرەکی و ئامادەگیە ناسراوەی کەهەیبوو لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە کۆمەڵێک لەشیکارییە ئاسایی و باوەکان هەروەکو هەڵەی زمان، «فەرامۆشی نائەنگێزی» دەستپێکرد، پاشان بە لێکۆڵینەوە دەربارەی خەون خەریک بوو، بیروبۆچونەکانی دەخستەڕوو.

# فرۆید و بیری مرۆڤ

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال**

**ئاگایی و نائاگایی:**

فرۆید چەمکی «ئاگایی و نائاگایی» دانەهێنا ، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو بەرپرسە لە زیاتر ئاشکراکردنی ئەو چەمکە و کردنی بەباو. «ئاگایی بیر» بریتییە لە هۆشداری بەرامبەر سائێکی دیاریکراو , گوزەرانی ئێستات، یادەوەریەکان، بیرکردنەوەکان، خەیاڵ کردنەوەکان، هەستەکان، ئەوەی کە هەتە کارکردنی نزیک لە «ئاگایی بیر» ئەوەیە کە فرۆید پێیدەڵێت «پێش هۆشیاری» ، ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین پێیبڵێین «میمۆری بەردەست» : هەرشتێک کە بەئاسانی بتوانرێت بهێنرێتەوە هۆش. ئەو یادەوەریانەی کە لەساتی ئێستادا بیریان لێ ناکەینەوە، بەڵام بەئاسانی دەتوانیت بیانهێنینەوە ناو بیرو هۆشی خۆت. هیچ کەسێک گرفتی لەگەڵ ئەم دوو چینەی بیردا نییە، هاوکات فرۆید پێیوایە ئەو دوو بەشە بچوکترین بەشی بیری مرۆڤن.

گەورەترین بەشی بیری مرۆڤ «نائاگایی» یە، کە پێکدێت لە هەموو ئەو شتانەی ئاسان نییە بیانهێنینەوە ئاگایی خۆمان، پێکدێت لە زۆرشت کە رەگ و ریشەیان لەوێدایە، وەکو: پاڵنەر و غەریزەکان، یان ئەو شتانەی ناتوانین سەیریان بکەین، وەکو ئەو سۆز و یادەوریانەی توشی شۆکمان دەکەن. بە بۆچوونی فرید «نائاگایی» مرۆڤ سەرچاوەی هاندەرو پاڵنەرەکانیەتی، جا ئەو پاڵنەرانە سادە بن، وەک حەزی خواردن و سێکس، یان پاڵنەری هونەرمەندان و زانایان، بەڵام ئێمە هەمیشە رێگرین لەوەی ئاگاداربین لەو هاندەرانە و هەمیشەش لەژیانماندا لە روخسارێکی درۆدا دەردەکەوین.

واقیعەتی سایکۆژیای فرۆیدی لەگەڵ جیهانێکی پڕ لەشت دەستپێدەکات لەنێوان ئەو شتانەدا شتێکی تایبەت هەیە ئەویش: «ئۆرگازم» ،. ئۆرگازم تایبەتە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی ژیانەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوە. ئۆرگازم رێنمایی ئامانجەکان دەکات، بۆئەوەی بگەنە کۆتایی، ئەویش لە ڕێگای پێدوایستییەکانیانەوە: برسێتی، تونێتی، دورکەوتنەوە لەئازار، سێکس.

گرنگترین بەشی ئۆرگازم سیستمی (اعصاب) ە، کە هەستیارە بەرامبەر پێدوایستیەکانی ئۆرگازم. نائاگایی «Id» پێدوایستیەکانی ئۆرگازم دەگۆڕێت، بۆ هێزی پاڵنەر، کە پێیدەوترێت «غەریزە، یان حەزو ئارەزو» فرۆید ناویان دەبات بە «خۆزگەکان»، ئەم گۆڕانە لە پێدوایستییەوە بۆ خۆزگە، پێیدەوترێت پرۆسەی سەرەتایی.

نائاگایی کار بە پرەنسیپی «لـەزەت» دەکات و لەهەوڵی تێرکردنی پێدوایستیەکاندایە، بۆ نمونە حەزی خواردن، داوات لێدەکات تێربێت، ئەم حەزە و پێداویستییە زیاددەکات، ئەگەر تێری نەکەیت، واتلێدێت، ناتوانیت بیر لەهیچ شتێکی تر بکەینەوە.

هەروەک ئۆرگازم ،ئاگایی مرۆڤ، مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات، لەڕێگەی هەستەکانەوە. لەساڵی یەکەمی ژیانی منداڵدا، هەندێک لە نائاگایی ئەو دەبێتە (من – ئیگۆ Ego–). ئیگۆ ئۆرگازم لەڕێگەی ئاگاییەوە بە ژیانی واقیعەوە دەبەستێتەوە هەروەها ئیگۆ بۆ ئەو شتانە دەگەڕێت، کە دەبنە مایەی تێرکردنی حەزو ئارەزوەکان. ئەم چالاکی نواندنە پێیدەوترێت پرۆسەی دووەم. ئیگۆ(Ego) وەک نائاگایی(Id) نییە، بەپێی پرنسیپی واقیعەت کاردەکات. هەڵدەستێت بەتێرکردنی حەزو ئارەزوەکان، بەپێی ئەو شتە گونجاوانەی لەبەر دەستدایە. ئیگۆ نوێنەری واقیعەت و عەقڵە.

**فرۆید**

لەکاتێکدا ئیگۆ هەموو کارێک دەکات «نائاگایی» و ئۆرگازم تێر بکات و بەختەوەریان بکات، ئەوا لەدنیای دەرەوەدا رووبەڕووی زۆر رێگر و بەربەست دەبێتەوە. هەندێک جاریش روبەروی هەندێک شت دەبێتەوە، کە هاوکاری دەکەن بۆ گەیشتن بە حەزو ئارەزوەکانی تۆماری ئەو بەربەست و رێگرانە دەکات، بەتایبەتی پاداشت و سزای گرنگترین دوو کەس لەژیانی منداڵدا )دایە و بابە(. تۆمارکردنی چی بکرێت و چی نەکرێت، دەبێتە منی باڵا(Super Ego). ئەمە تەواو نابێت تا تەمەنی «٧» ساڵی لەهەندێک کەسیشدا، هەرگیز تەواو نابێت. لە سوپەر ئیگۆدا دوو چەمک بوونیان هەیە: یەکەم «ئاگایی» کە تێکەڵە

لە سزادان و ئاگادارکردنەوە. دووەم «منی ئایدیاڵ»، کە سەرچاوەکەی خەڵات و مۆدیلی پۆزەتیڤە بۆ منداڵ. ئاگایی و منی ئایدیاڵ داوای پێداویستییەکانیان لە ئیگۆ دەکەن، لەڕێگەی هەستەکانەوە وەک : خۆ بە زڵ زانین، شەرم، هەست بە تاوانکردن.

لێرەوە کۆمەڵێک حەزی تر دروستدەبن، کە ڕەگی حەزەکان زیاتر کۆمەڵایەتییە وەک لەوەی بایۆلۆژی بێت. بەداخەوە ئەم حەزو خولیا نوێیانە، توشی ململانێ دەبن، لەگەڵ نائاگایی. هەروەک دەبینین منی باڵا نوێنەری کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەش حەزناکات هەموو پێداویستییەکان تێر بکات.

**غەریزەی ژیان و غەریزەی مردن:**

فرۆید پێیوایە سەرجەم هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ ئاراستە دەکرێن لەلایەن خۆزگە و غەریزەوە. کە دەربڕی پێداویستییە فسیۆلۆژیەکانی مرۆڤن. فرۆید باسیاندەکات وەک «غەریزەی ژیان» ئەو غەریزانە نەمری دەدەن بە ژیانی تاک لەڕێگەی هاندانیان بۆ دەستهێنانی خواردن و ئاو، هەروەها نەمری دەداتە ڕەگەز و نەوە جۆر بە جۆرەکان لەڕێگە هاندانیان بۆ ئەنجامدانی سێکس. پاڵنەر و وزەی ئەم هێزە دەرونییە پێیدەوترێت (لیبیدۆ – Libido) .

ئەزمونی عیادی فرۆیدی گەیاندە ئەو قەناعەتەی، کە پێیوابێت «سێکس» گرنگترین پێدوایستییە روحییەکانی مرۆڤە. مرۆڤ کائینی کۆمەڵایەتییە، سێکسیش گرنگترین پێدوایستی کۆمەڵایەتییە. پێویستە بوترێت سێکس لەلای فرۆید زۆر گەورەترە، قوڵترە وەک لەوەی برێتی بێت لە جوتبوونی دوو جەستە.

پاشان دوای بەردەوامبوون لەسەر کارو ئەزمونەکانی، فرۆید گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە غەریزەی ژیان، تەواوی چیرۆکەکەمان پێ ناڵێت. لیبیدۆ شتێکی زیندوە، پرەنسیپی لەزەتە، کە هەوڵدەدات بەختەوەرمان بکات و تێرمان بکات و رازیمان بکات. لیبیدۆ هەوڵدەدات کە ئێمە سەرجەم پێدوایستیەکانمان دابین بێت و لەئاشتیدا بژین. فرۆید گەیشتە ئەوەی، کە لەپاڵ غەریزەی ژیان «غەریزەی مردن» یش هەیە. فرۆید پێیوایە هەموو کەسێک خۆزگەیەکی نائاگایی هەیە بۆ ئەوەی بمرێت.

ئەم بیرۆکەیە لەسەرەتادا نامۆ دەردەکەوێت و لەلایەن زۆرینەی خوێندکارەکانی فرۆیدەوە رەتکرایەوە، بەڵام بە بۆچوونی من هەندێک بناغەی ئەزمونی هەیە. ژیان لەوانەیە پرۆسەیەکی ئازار بەخش و هیلاککەربێت، شتێکی سانایە کە زۆربەی خەڵکی دنیا ناخۆشیان زیاترە لەخۆشییەکانیان (ئەمە شتێکە کە ئێمە حەز ناکەین دانی پێدا بنێین) مردن پەیمانی رزگاربوونە لەو ململانێیە.

لەم بارەیەوە فرۆید باس لە پرەنسیپی نیرڤانا دەکات (نیرڤانا ئایدیایەکی بوزییە، کە بە مانای کوژانەوە دێت، وەک کوژانەوەی مۆمێک، مەبەست لەکوژانەوە –نەبوون، هیچێتی دەگرێتەوە– کە ئەویش ئامانجی فەلسەفەی بوزییە) رۆژ بە رۆژ بەڵگەکانی غەریزەی مردن و نیرڤانا لەناوماندا چەکەرە دەکات. وەکو خواردنەوەی ئەلکهول، بەکارهێنانی دەرمانی ئارام بەخش. خۆ ونکردن لەناو کتێب خوێندنەوەو سەیرکردنی فیلمدا. ئامەزرۆیمان بۆ پشوو، خەوتن، هەندێک جاریش بەخۆکوشتن دەریدەبڕین. فرۆید پێیوایە هەندێک جار مرۆڤ راستەوخۆ غەریزەی مردن لەخۆیدا دەردەبڕێت، ئەویش لەڕێگەی: دڵڕەقی و تاوان و وێرانکاریەوە.

## شڵەژان

جارێکیان فرۆید وتبوی «ژیان ئاسان نییە»

ئیگۆ (من) لەسەنتەری نێوان دوو هێزی گەورەدا راوەستاوە: کۆمەڵگە و واقیعەت ، کە لەلایەن منی باڵاوە نوێنەرایەتی دەکرێن، پێدوایستییە بایۆلۆژییەکان ، کە لەلایەن نائاگاییەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، کاتێک ئەم دوو هێزە لە ململانێدان و گوشار دەخەنە سەر ئیگۆی هەژار، ئەوکاتەی کە هەستدەکەیت هەڕەشەت لەسەرەو خەریکە شکستدەهێنیت، بەرامبەر ئەو گوشارە زۆرەی لەسەرتە، ئەوە بەو هەستە دەوترێت «شڵەژان».

لە تیۆرەکانیدا فرۆید باسی لە سێ جۆر شڵەژان کردوە: یەکەمیان: شڵەژانی ریالستی واتە ترس. فرۆید بۆ خۆی ئەوکاتەی لە ئەلمانیا بوو ئەم ترسەی بەسەردا هات، لەژێردەستی نازیەکاندا. ئەگەر هەریەک لە ئێمە بخەنە ناو کۆمەڵێک ماری ژەهراویەوە، ئەو بەراستی لەو ترسە تێدەگەین. دووەمیان

برینی لە شڵەژانی ئەخلاقی (مۆرالی): ئەم ترسە ئەوکاتە هەستی پێدەکەین کە هەڕەشەکە لەدەرەوە بێت، لە کۆمەڵگەوە بەناو سۆپەر ئیگۆدا. نمونەی ئەم شڵەژانەش هەستکردنە بەشەرم و گوناە و ترسان لە سزادان. سێهەم کۆتایی برینییە لە شڵەژانی اعصاب: ئەم شڵەژانە کاتێک دروستدەبێت، کاتێک گوشارێکی زۆر لەلایەن نائاگایی بیری مرۆڤە دێت. نمونەی ئەم جۆرە شڵەژانەش، ئەو کاتایەنە کە کۆنترۆلی خۆمان لە دەستدەدەین، مەزاجمان تێکدەچێت، عەقڵمان لەدەستدەدەین. فرۆید زۆر خۆی بەم جۆرە شڵەژانەوە سەر قاڵکرد، بەڵام ئێمە زۆر بەسادەیی تەنها دەڵێین شڵەژاوین.

*نوێنەری Macmillan ی بەریتانی لە هەرێمی کوردستان.(Macmillan) بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێت بە دانان و گۆڕینی پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی.

سەرچاوە: ئینتەرنێت

# چەند سەرەقەڵەمێک
# دەربارەی تێزە فرۆیدییەکان

ئا: کامیل محەمەد قەرەداغی

## سەرچاوەکانی ئاسودەیی و نەهامەتی

فرۆید دەڵێ:(ویژدان)هەیە. (هۆشی ناوەکی-عەقڵی باتن)یش هەیە. ویژدان شتێکە خۆمان بەدەستی دەهێنین. هۆشی ناوەکییش(شتێکە لەشوێنەواری جەنگەڵ و دڕندەیی و لەناو ناخماندا ماوەتەوە) لەنێوانی ئەم دوشتەشدا پاڵنەر و هاودژی هەیە، چونکە کەی (ویژدان)زاڵ بوو، مرۆڤ هەست بە ئاسودەیی و ئارامی دەکات، بەڵام ئەگەر ئەو(هۆشی ناوەکی)یە زاڵ بوو،کە لە شوێنەواری جەنگەڵەوە ماوەتەوە، مرۆڤ هەست بە خەمۆکی و بەدبەختی دەکات.

لەبەرئەوەی هۆشی ناوەکی پێچەوانەی شارستانیەتە، ویژدانیش لەگەڵ شارستانیەتدا ڕێکە، ئەوەی لەگەڵ شارستانیەتدا ڕێکە ئاسوودەییە، ئەوەی لەگەڵیدا ناڕێکە چەرمەسەری و بەدبەختییە.

پرسیار:

١.ئەگەر ویژدان و هۆشی ناوەکی لەیەکتر جیاوازن، ئێمە ئەم دووانەمان لەکوێوە هێنا؟

٢.ئەوە لەکوێوە وایلێهاتووە(ویژدان)لەگەڵ شارستانیدا ڕێکبێت و (هۆشی ناوەکیش)پێچەوانەی بێ.

٣.لەکوێوە وایلێهاتووە(هۆشی ناوەکی)لە میراتییەکانی جەنگەڵ بێت؟

٤.ئایا چۆن ئاسودەیی و نەهامەتی لەنێوانی ئەم دوو مەسەلەیەدا شیبکەینەوە؟

## هێزە بزوێنەرەکان

کۆمەڵێک فاکتەرە هەن مرۆڤ دەبزوێنن، بریتین لە: ئاین، ڕۆزی، زایەندی، بیروباوەڕ، خۆشەویستی، دوژمنایەتی، پۆست(پلەوپایە)، ترس، نەریت.. چەندانی تر، ئەم شتەش ویژدان بڕیاری لێدەدات.

بەڵێ، لەوانەیە هەندێکی ئەم فاکتەرانە، کاریگەرییەکی زۆرتریان لەسەر ژیان و ڕەوشتی مرۆڤ هەبێت، کاریگەریی بڕێکیان لەبڕێکی تریان زۆرتریش بن، بۆنمونە کەسێکی ئاینی، ئاینەکەی لە هەر شتێکی تر زیاتر دەیجوڵێنێت، ئەو دوژمنە سەرسەختەشی، کە ئاگری شەڕ دەنێتەوە، دوژمنایەتیەکەی لە هەر شتێکی تر زیاتر دەیجوڵێنێت، بەڵام بەلای فرۆیدەوە بزوێنەری مرۆڤ بریتییە لە (زایەندی)و دەڵێت: زایەندی بریتییە لەو هێزە شاردراوەیەی، کە لە لەدایکبوونەوە تا مردن ڕەوشتی مرۆڤ بڕیاڕی لێدەدات.

لەم ڕووەوە پێیوایە(سۆزە شاراوە میراتییەکان)و(ئەو سۆزانەی لە منداڵییەوە تیاماندا چێنراون)دوو کایەکەی بزواندنی مرۆڤن. و (ویژدانی هاوچەرخیش) کاریگەریی نییە، یان بڕێکی کەمی هەیە.

ئەگەر ڕاست بێت مرۆڤ بە تاکە هێزێک ببزوێنرێت، ئەوا دەبوو بڵێین ئەو هێزە بزوێنەرە، تەنها بریتیە لە (ویژدانی هاوچەرخ)، چونکە ئێمە بەپێی خۆمان دەڵێین ئەو بزوێنەرە بریتییە لە (ڕەوشتی کۆمەڵ)(وانە)(چۆنیەتیی پەروەردە) ئەمانەش هەمووی لەوەدەچن، ئەو ویژدانە هاوچەرخە بن، کە دەمانبزوێنن، نەک (سۆزە میراتییەکان و سۆزە چێنراوەکان).

پاشان ئەوە لە کوێوە هاتووە، بزوێنەرەکان تەنها بریتی بن لە (سۆزە میراتییەکان و سۆزە چێنراوەکان)؟

**تاک ڕەهەندی**

(فرۆید)هەموو شتێک بەپێی (شەهوەتی زایەندی)ڕاڤە دەکات. ئەو دەڵێ (ئەو نوسەرەی بەڕووی هەلومەرجە گەندەڵەکاندا توڕە دەبێ) و شتێک دەنوسێ، تێیدا ڕەخنە لە میرێکی ستەمکار و فەرمانڕەوایەکی سەرسەخت دەگرێ، بزوێنەرە سەرەکییەکەی بۆ ئەو ڕەخنەگرتنە بریتییە لە (زایەندی)چۆن؟

فرۆید دەڵێ: میرە سەرکوتکارەکە لە باوکی نوسەرەکە دەچێ، ڕقی نوسەرەکە لە باوکی خۆی درێژبووەتەوە و گەیشتوەتە ئەوەی ڕقی لە میرە سەرکوتکارەکەشی ببێتەوە.

ئەی پەیوەندیی نێوانی ڕق لە باوک بوون و زایەندی چییە؟

فرۆید دەڵێ: مرۆڤ ڕقی لە باوکی خۆیەتی، لەبەرئەوەی باوکی بووەتە

ڕێگر لەوەی کاری سێکسی لەگەڵ دایکی خۆیدا بکاث.

پرسیار: .ئایا منالّی بچوک دەیەوێ کاری زایەندی لەگەڵ دایکی خۆیدا بکاث؟

فرۆید: بەڵێ..لەسەروی ئەوەشەوە منالّ لەکاتی شیرخواردنیدا، لەڕووی زایەندییەوە حەزی لە دایکی خۆیەتی و چێژێکی زایەندی لە مژینی مەمکی و خۆخزاندن لە لەشی وەردەگرێ.

**پاڵنەری سەرەکیی ڕەوشث لەلای فرۆید**

فرۆید دەڵێ: کوڕ ژنێک هەڵدەبژێرێث، کە چاو و هەیبەث و سیمای لە دایکی خۆی بچێث.

بەو ڕوانینە، سەیری خاوەنکارەکانی دەکاث، کە پێی دەڕوانێتە باوکی(دوژمنکارانە)، چونکە خۆی لە منالّیدا دوژمنایەتیی باوکی کردوە، لەبەرئەوەی باوکی ڕێگر بووە لەوەی ئەم بتوانێث چێژ لە دایکی خۆی وەربگرێث

ئەو خانو و ئۆتۆمبێلە هەڵدەبژێرێث، کە پێیوایە بەدڵی ژنەکەی دەبێث.

بۆیە خواردن دەخواث، بۆئەوەی هێزی ئەوەی هەبێث، کاری زایەندی لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا ئەنجام بداث.

**سەرچاوەی هەستی دادپەروەری**

با وادابنێین ، کە تۆ لە بیابانێکدا لەدایک بوویث، نەدایک و باوک، و نە کەسێکی خۆتث بینیوە، پاشان لەوێ شتێکث بەدەستهێنا، لەپڕدا مرۆڤێکی تر هاث و ئەو شتەی بەزۆر لەتۆ سەندو، ئایا لەوەدا حوکمی ویژدانی تۆ چیدەبێث؟ ئایا کابرا کارێکی باشی کردوە، یان خراپ؟

با وا دابنێین تۆ لەو بیابانەی پێشوودایث، مرۆڤێک هاث، بەبێ ئەوەی هیچی لێث بووێث، حەزث لە هەرچییەک بوو، دایپێث، ئایا حوکمی ویژدانیی تۆ لەمەیاندا چی دەبێث؟

ئایا ئەو بەخشەرە کارێکی باشی کردوە، یان خراپ؟

ئەگەر بینیث منالّێک دەگریا، لەبەرئەوەی ئازارێکی پێگەیشتبوو، تۆش

مناڵەکەت گرت و بەبێ بوونی هیچ هۆکارێک زۆرت لێدا، لەناخی خۆتدا هەستت کرد، کە شتێکی خراپت کردوە.

بەڵام ئەگەر ئەو مناڵەت گرت و ژیرت کردەوە و بێدەنگت کرد و شتێکت پێدا، کە دڵی پێیخۆش بوو.لەناخی خۆتدا هەستت کرد، کە کارێکی باشت کردوە.

ئایا ئەم هەستانە لە کوێوە دێن؟

هەستکردن بە کارە خراپەکەی یەکەمجار و هەستکردن بە کارە باشەکەی دووەم جار.

ئەوە بانگەوازی (خۆڕسک)ە، دەنگی ویژدان و هەستی ویژدانە، ئایا مرۆڤی شار و مرۆڤی لادێ و نەزان و ڕۆشنبیر لەمەدا جیاوازییەکان هەیە؟

(فرۆید)پێیوایە هەستی دادپەروەری لەلای(زایەندی)یەوە سەریهەڵداوە، چونکە، مناڵ لە سەرەتاوە ڕقی لە باوکی خۆی بووەتەوە، لەبەرئەوەی ڕێگریی لێکردوە، لە گەیشتنی زایەندییانەی مناڵەکە بە دایکی خۆی، بۆیە هەر لە مناڵییەوە هەستی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و سەرکوت لەم مناڵەدا دروست بووە، بۆیە لەلای ئەو کەسەی، کە لە خۆیەوە لە مرۆڤێک دەدات، یان لە مناڵێکی بێتاوان دەدات، ئەوا لەلای ئەو مرۆڤە ئەو هەستی مناڵییە دروست دەبێ، کە بەهۆی زایەندییەوە تێیدا دروستبووە.

بەڵام (یۆنگ)ئەم هەست بە دادپەروەریکردنە، وەکو ڕۆحێکی شاراوە دەبینێ، کە لە شارستانیەتە بەراییەکانەوە لەلای مرۆڤ پەیدابووە.دیارە ئەو شارستانیەتانە دەڵێ کە لەسەردەمێکدا دەرکەوتوون و لەناوچوون، بۆیە ئەوکەسەی کە ڕقی لە ستەم دەبێتەوە، لەناخیدا میراتیی ڕابوونێکی ئاینی، یان بزوتنەوەیەکی میللیی ڕیفۆرمخوازی گەورە زیندودەبێتەوە.

(ئادلەر)پێیوایە ئەم هەستکردن بە دادپەروەرییە لەوەوە سەریهەڵداوە، کە کەسەکە لە مناڵیی خۆیدا بە دەست بوونی کەموکوڕییەکەوە ناڵاندویەتی، کە لە لەشیدا هەبووە، یان شێوانێک، کە لە سیمایدا هەیبووە، شەرمیشی کردوە، بۆئەوە زیندوی دەکاتەوە، کە لە دژی سەرکوتکارەکانی(کە خۆی شەرمیان لێدەکات)شۆڕشێک بەرپابکات، تۆڵە دەکاتەوە لەو کەموکوڕییانەی هەیەتی.

**خەون لەلای فرۆید**

سەبارەت بە خەون (فرۆید)پێیوایە، بریتی بێت لە شوێنەواری میراتیی لەناو ناخدا، هەروەکو ڕیخۆڵەکوێرە، کە ئەویش شوێنەواری میراتێکە لەناو لەشدا. ئەوەتا ئێمە دەتوانین خەونی وا ببینین، وەک ئەوەی کە لە بیست هەزار ساڵی پێش ئێستەدا ژیابین، واتە بە دەرونێکەوە خەون دەبینین، وەک ئەوەی لەناو کەشی دڕندەکاندا بین، لەناو جەنگەڵ و ئەشکەوتە تاریکەکاندا بین، هەربەم بۆنەیەوە، کۆمەڵە خەونێکی وادەبینین، کە پەیوەندییەکیان بەو کەشەوە نییە، کە خۆمان تێیدا دەژین، ناچنەوە سەر ئەو کنێبانەی، کە دەیانخوێنینەوە.

فرۆید دەڵـێ: پێشینە مەیمونەکانمان بەسەر دراکانەوە دەژیـان، لە کەوتونەتەخوارەوە دەترسان، جاری وایش هەبووە، بێچووەکانیان. بکەوێنەخوارەوە، ئەو ترسە، ئەوەیە کە بۆ مناڵەکانی ئێمە بە میراتی ماوەتەوە، بۆیە زۆرجار مناڵەکانمان لە خەونی خۆیاندا وادەبینن، کە لە بەرزییەوە بەردەبنەخوارەوە، یان خەرکە بکەونە خوارەوە، هۆکەی ئەوەیە مناڵەکان بیرۆکەکەیان، بەمیراتی بۆماوەتەوە و میراتیش لە خەونەکاندا دەردەکەون.

بەڵام ئەگەر کەسێک لە خەونیدا پێیوابێت دەفڕێت، ئەوەیان شوێنەواری باری (باڵندەیی)یە، چونکە (داروین)پێیوابووە مرۆڤ لە ملیۆنان ساڵی پێش ئێستدا باڵندەبووە، پاشان بووە بە مەیموون، ئەمجا مرۆڤ..!

ئازادکردنی مناڵان

فرۆید پێیوایە خۆی مناڵی لە ستەمکاری ئازادکردبێ و ئەو پیشانیداوە، کە چۆن باری مناڵێتی بارێکی پەیوەستە بە قۆناغی لاوێتی و پیرێتییەوە و چۆن لە ئایندەدا ئەستەمی و گرێی دەرونی و کاردانەوە لەلای مناڵان دروستدەبن.

لەمەشدا دوو قۆناغمان هەیە:

١.قۆناغی دەرخستنی ئەوەی مناڵ چیی لەسەرەو دەبێ چیی بۆ بکرێ.

٢.قۆناغی ئازادکردنی مناڵ.

**(من)ەکان**

لەناخی مرۆڤدا(هەر مرۆڤێکدا) دوو میزاج هەن:

میزاجی چاکە و میزاجی خراپە: یان بڵێین میزاجی عەقڵ،و میزاجی سوز و ڕەمەک.میزاجی عەقڵەکە(واتە چاکەکە)بە مرۆڤ دەڵێ (چاکە بکەو خراپە مەکە). خراپەکەش پێیدەڵێت: بەئارەزوی خۆت، دوای ئارەزوەکانت بکەوە و چیت ئەوێ بیکە.

لەوانەیە مرۆڤێک میزاجی چاکەکە لە خۆیدا زاڵ بکات، لەوانەشە یەکێکی تر میزاجی خراپەکە لەخۆیدا زاڵ بکات..، ئەوانەی چاکەکە زاڵدەکەن، لەناخی خۆیاندا ئارام و ئاسوودەن، بەپێچەوانەی ئەوانەوەن، کە خراپەکە زاڵدەکەن، ئەمانەیان هەمیشە ئازاردەچێژن، ویژدانیان ئازاریان دەدات.

لایەنێکی سێیەم لەنێوانی ئەم دوو میزاجەدا هەیە، با ئەوەیان لە فرۆید خۆیەوە وەربگرین:

١.(ئاید)برینییە لە سروشتە ئاژەڵی و ڕەمەکە بەرابیە شاردراوەکانمان.

٢.(ئیگۆ)کەسێتیی ویژدانی و کۆمەڵایەتیی ئێمەیە، ئەوەی کە خۆمان ئاگامان لێیەتی.

٣.(سوپەرئیگۆ)ویژدانمانە،واتە ئەو شەرەف و چاکە و باشییەی، کە چاوی تێدەبڕین.

**فرۆید و شارستانی**

بەلای فرۆیدەوە (زایەندی) هۆکاری گەلاڵەبوون و بوونی شارستانیەتە.

ئەوە بارە زایەندییەکەیە، دەبێتە هۆکاری دروستبوونی شارستانیەتەکان،چۆن؟

فرۆید وەڵامدەداتەوە: منداڵ دەیەوێ لەڕووی زایەندیەوە، بە دایکی خۆی بگات، بەڵام باوکەکەی ڕێگەی لێدەگرێ(کوڕەکە دەچەپێنێت)ئەم ئارەزو و چەپاندنە، دەبنە ترس و شەرم، چەپاندنەکە چەند سووێکی هەیە، لەناخی کەسەکەدا بەدرێژایی ژیانی دەمێنێتەوە، بۆیە هەوڵدەدات بە چالاکییەکی تر، ئەڵتەرناتیڤی بۆ بدۆزێتەوە، ئەو چالاکییە بەرەو باڵابوونێکی دەبات، تادەگات بە دۆزینەوەی شارستانی.. کلتور دەدۆزێتەوە..کلتوریش ڕەنگێکە لە ڕەنگەکانی شارستانی.

**هەستی پاک**

هەموو مرۆڤێک خۆی وادەبینێتەوە، کە لە بەرامبەری هەڵوێستێکی دیاریکراودا، بارێکی دەرونیی دیاریکراوی هەبێ، یان بڵێین لەوانەشە دوو باری دەرونیی هەبێ، بانمونەیەک بهێنینەوە:... لەوانەیە(خۆشەویستی) مرۆڤێک بەرامبەر بە کەسێکی تر(خۆشەویستی)یەکی بێگەرد بێت، وەک ئەوەی لە نێوانی دووهاورێ(کوڕ بن یان کچ کێشە نییە)ڕوودەدات، یان خۆشەویستییەک بێت، کە شتێک لە ڕقیشی تێکەڵ بێ، وەک خۆشویستنی (مامۆستا)لەلایەن خوێندکارێکەوە، کە هەندێجار ڕقیشی تێکەڵ دەبێ، لەمەیاندا دەبینین مامۆستاکەی خۆشدەوێ، لەبەرئەوەی فێری دەکات و بەرچاوی ڕووندەکاتەوە، ڕقیشی لێیدەبێت، لەبەرئەوەی سەختی و توندوتیژیی تێدادەبینێ.

دیارە خەمیش هەر بەوشێوەیەیە، لەوانەیە (خەم)ێکی پوخت بێت، وەک خەمی باوکێک بۆ مەرگی کوڕەکەی، کە چەندان ئومێدی ئەو باوکە، لەگەڵ مەرگەکەی خۆیدا دەباتە گۆڕەوە، یان لەوانەیە خەمێک بێت، هەندێ خۆشیشی تێکەڵ بێت، وەکو مردنی باوکی کوڕە پاشایەک، کە کوڕەکە خەم بۆ ئەوە دەخوات، کە باوکی مردوە، بەڵام ئەو مەرگە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پاشاییەکەیش بۆ خۆی دەگوێزرێتەوە.

بەڵام بەلای فرۆیدەوە، هەرگیز هیچ کام لەم هەستانە پاک نین، واتە ئەو مرۆڤەی کە خەمبار دەبێ، بۆ مەرگی کوڕەکەی، یان باوکی، یان ژنەکەی، کە سودیان پێیگەیاندوە،بێگومان دەبێ هەستێکی شاراوەی خۆشیشی تێدابێ، بەڵام مرۆڤ لە ترسی ماڵ و کەسوکارەکەی خۆی دەیشارێتەوە، چونکە چەند خۆشەویستیت بەرامبەر بە (کوڕ،یان خۆشەویست، یان کەسێکی نزیک)ت هەبێ، هەر دەبێ هەستێکی شاردراوەی ڕقیشت بەرامبەری هەبێ، کە مرۆڤ لەبەر بەرژەوەندی و لەبەر هەڵپەرستی دەیشارێتەوە،ئیتر بەمشێوەیە.

**خەونەکانی ئایندە**

زۆرجار مرۆڤ خەون دەبینی و خەونەکەشی پێشبینییەکی بۆ ئایندە تێدایە، ئەمە لە خەڵکانی ئاسایی ڕوودەدات و شار و لادێ و گەڕەک نییە،

خەڵکانێکی وایان تێدا دەرنەکەوتبێ، کە خەونی وایان نەبینیبێت، هۆی ئەمەش ئەمەیە:.. ڕوح پەیوەندیی بە جیهانێکی تری زۆر فراوانەوە هەیە، چۆن زانیاریی ڕابردوی لەلایە، ئاواش زانیاریی ئایندەیشی لەلادەبێ.

ماتریالیستەکانی سەدەی ڕابـردو، رسێکی وایان دروستکردبوو، کەس نەیدەوێرا باسی ڕوح بکات، ئەوە نەبوو بڵێن ڕوح هەیە، فراوانە و توانای پەیوەندیکردنیشی هەیە، بەڵام ئەو تێزە فیکرییە گۆڕا، لەئێستای خۆماندا چەندان قوتابخانە هەن، بۆ کارکردن لەسەر ڕووح کراونەتەوە، چەندان کتێب و گۆڤاریان لەسەری هەیە.

بۆچوونی فرۆید لەسەر خەونەکان بۆچوونێکی ماتریالیستانەیە، واتە لەلای ئەو خەون تەنها ڕەنگدانەوەی مادییانەی هەیە، بۆیە هەر خەونێک بابەتەکەی بریتی بێت لە(ئایندە) پوچ دەبێ.

### سەرهەڵدانی ئاین لەلای فرۆید

فرۆید دەڵێ:یەکەمین جار کە ئاین سەریهەڵدا، سەرهەڵدانەکەی بریتی بوو لە کاردانەوەیەک بەرامبەر بە تاوانێکی زۆرخراپ.ئەو تاوانە لە سەردەمی وەچەیەک لە وەچە بەراییەکانی مرۆڤدات ڕوویداوە، سەرەتا کوڕەکان ئارەزوویەکی زایەندیی گەرمیان بەرامبەر بە دایکی خۆیان هەبووە، بەڵام دەسەڵاتی باوکیان، ڕێگەی هاتنەدیی ئەو ئارەزوەی پێنەداون، بۆیە کوڕەکان پلانی کوشتنی باوکیان داڕشت، بۆئەوەی لەژێر دەستەڵاتی دەربچن و دایکەکە بۆ خۆیان بمێنێتەوە، بۆیە هاتن لە شەوێکدا باوکی خۆیانیان کوشت، کە لە کوشتنەکەی بوونەوە، زۆر پەشیمان بوونەوە، ئیتر بڕیاریاندا باوکی خۆیان پیرۆز بکەن، (بەڵکو لەو تاوانەیان خۆش ببێت، کە دەرهەق بەو ئەنجامیان دابوو) . دوایی تۆوی باوکەکەیان تێکەڵی هێلکۆکەی جۆرێک لە ئاژەڵ بوو، ئیتر کوشتنی ئەو ئاژەڵەشیان لە خۆیان قەدەغەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە پیرۆزیشیان کرد، یەکەمین پیرۆزکردنی ئەو ئاژەڵە، بریتییە لە دەرکەوتنی یەکەمین ئاین لە جیهاندا و هەموو ئاینەکانی تری جیهانیش دەچنەوەسەر ئەو.

کەوایە هەموو ئاینەکان بۆئەوە هاتون، گرفتی هەست بە تاوانکردنی

کوڕەکان چارەسەر بکەن، لێرەوە ئاینەکان دەبنە کاردانەوە بەرامبەر بە کارێکی تاوانکاری.

**گەڕانەوە بۆ تیۆرەکە**

فرۆید پێیوایە، کە (کۆمەڵگە و ڕەوشت و نەریتەکان)هەموویان چەپێنەری نەزعە خۆڕسکەکانی مرۆڤن، بۆیە بەڕوانینی ئەو گەر ئەم سێ شتە نەبوونایە، ئەوا نە نەخۆشی دەبوو، نە کەسی شێواو، و نە تاوانکاران، چونکە هەموو تاوانبار و شێواو و نەخۆشەکان، قوربانیی دەستی ئەو سیانەیەی کۆمەڵگە و ڕەوشت و ئاینن. چۆن؟ با فرۆید وەڵام بداتەوە:

(تاکەکەس خۆی دەیەوێ کارە خۆڕسکەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام ئاین و کۆمەڵگە و نەریت ناهێڵن و ئەو بـوارەی نـادەن، کارێکی بۆ حەرام دەکەن و یەکێکی تری بۆ حەڵاڵدەکەن، ئەمەش مرۆڤەکە تووشی چەپاندن دەکات، لە چەپاندنەوە تەقینەوە بەرپا دەبێ، بۆیە لەوانەیە ئەو تەقینەوەیە وەکو نەخۆشی، یان وەکو دەستدانە تاوانکردن خۆی دەربخات.)

## سیگمۆند فرۆید
## (١٨٥٨ - ١٩٣٩)

**ئا: ئاوات محەمەد**

سیگمۆند فرۆید (SigmundFreud) لەفرایبرگ(Freibberg) ٦ی مایۆ، ١٨٥٦ لەدایک بووەو خێزانەکەی بۆ ڤیەننا (Vienna) کۆچیان کردوە، لەوێ تاکو ساڵی ١٩٣٨ مایەوە، پاش ئەوەی هێتلەر نەمسای خستە سەر ئەڵەمانیا، فرۆید بەهۆی ئەوەی جولەکە بوو ئەوێی بەجێهێشت، تاکو مردنی لەلەندەن ژیانی بەسەربرد.

فرۆید پزیشکی لەڤیەننا تەواوکرد، بۆ چەندەها ساڵ ئەم کارەی دەکرد، تێبینی ئەوەی کرد، پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان هەندێک نەخۆشیو شێوەی هەڵسوکەوتی نەخۆشەکانیدا هەیە، ساڵی ١٨٨٥ سەفەری کرد بۆ پاریس، تاکو لەوێ بەتایبەتی لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی هستریاو چارەسەری خەواندنی موگناتیسی بکات، پاشان چوو بۆ شاری نانسبی تاکو لەوێ لەسەر دەستی هەردوو زانا بیررنهامو لیبۆ لەبواری خەواندنی موگناتیسیدا بخوێنێت، پاشان فرۆید بۆ ڤیەننا گەڕایەوە، تاکو ئەوەی خوێندویەتی لەچارەسەری نەخۆشەکانیدا بەکاربهێنێت.

فرۆید کتێبی زۆری لەم بوارەدا نوسیوە، کەزۆربەیان سەبارەت بەدیاردەی هستریاو خەونبینینو دەرونشیکارییە، فرۆید تیۆرەکەی دەربارەی دەرونشیکاری لەزانکۆی گلارک لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەساڵی ١٩٠٩ پێشکەشکرد، کۆمەڵەی دەرونشیکارانی لەساڵی ١٩١٠دا دامەزراند، لەساڵی ١٩١٩وە لەڤیەنناو لەزانکۆی ڤیەننا، وەک مامۆستا کاریکردوە، لەساڵی ١٩٢٣وە بەدەست نەخۆشیەکی قورسەوە دەیناڵاند، تاکو لەساڵی ١٩٣٩دا کۆچی دوایی کرد.

دەتوانین سەرجەم هەڵوێستی فرۆید دەربارەی مرۆڤ، بەم شێوە شیبکەینەوە: مرۆڤ بریتییە لەبوونەوەرێکی دەرونی، لەگەڵ ئەوەی بوونەوەرێکی ئۆرگانییە، لەگەڵ ئەوەی ئەم دیاریکرنە جۆرێک لەدوالیزمەیی تێدایە، بەڵام هەردوو بوونەوە «ئۆرگانی» و» دەرونی» کاریگەری لەسەر یەکتری دادەنێن، هەڵەیە ئەگەر وابزانین، ئەمانە بەتەواوەتی لەیەکتری دابڕاون، هەندێک نەخۆشی ئۆرگانی لەبنەمادا بۆ تۆخمی دەرونی دەگەڕێتەوە، فرۆید ئامرازی دەروونی بۆ

سێ بەش دابەشکردوە: (ID) و (EGO)و (ID) ،(Super Ego) هەموو غەریزە وەرگیراوەکان لەخۆدەگرێت، ئەوانەی هەر لەلەدایکبووەنەوە لەلای مرۆڤ هەیە، فرۆید (EGO)ی بەو دەرگاوانە داناوە، کەرێگر بێت لەوەی ئەم غەریزانە خودی خۆیان بەرجەستە بکەن، بەڵام(Super Ego) هەموو ئەو هەڵسوکەوتانە لەخۆ دەگرێت، کەلای مرۆڤ دروستدەبێت، بەهۆی پەروەردەی ناو ماڵ، یان شەرعیەتی کۆمەڵایەتی وەرگرتوەو بووەتە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی، وەک دابو نەریتو عورفو شێوەکانی شارستانی، لەوانە ماتریالییەکانو رۆحییەکان، فرۆید بۆ ئەوە چووە، ئامرازی دەرونی هەڵسوکەوت بەهەموو شێوەو رەهەندە جیاکانییانەوە دیاریدەکات، جا ئەگەر شێوەی کردەیەکی دەرەکی، یان هەڵهێنجانی ناوەکی وەربگرێت.

فرۆید بەشێک لەکاتی خۆی لەکۆتاییەکانی ژیاندا بۆ لێکۆڵینەو لەهەندێک لەتوێژینەوەکانی تەرخانکرد، کە دەکەوێتە بواری دەروناسی پوختەوە، یەکێک لەوانە (دڵەڕاوکێ لەشارستانیدا)، لەم کتێبەدا فرۆید پەیوەندی نێوان دەرکەوتنی شارستانیو پێشکەوتنیو لەنێوان ئامرازی دەرونیدا دەکات، هەروەها پەرەسەندنی شارستانی چ کاریگەریەکەی لەسەر دادەنێت.

**لەکتێبە بەناوبانگەکانی فرۆید ئەمانەن:**

١-خەونشیکاری، یان شیکردنەوەی خەونەکان

٢- موساو یەکتاپەرستی

-٣ لادانە سێکسیەکان

٤- زاڵبوون بەسەر شەرمدا

٥- یادەوەری ( الذاكرە)

٦- سایکۆلۆژیای دەروونی

٧- خاڵی لاوازی

٨- درککردن

٩- سۆپەر بنەمای لەزەت

١٠- سێ وتار دەربارەی تیۆری سێکسی

١١- پێنج وانە دەربارەی دەرونشیکاری

١٢- هەڵسوكەوت
١٣- پەرەپێدانی چارەسەری دەرونی
ئەمە جگە لەلیستێک، کتێبی تر کەلێرەدا پێویست نییە باسیان لێوە بکرێت، کەهیچیان لەم کتێبانەی سەرەوە کەمتر نییە، بەتایبەتی ئەوانەی دەرباری تیۆرەی سێکسیو هەڵچوونە دەرونیو گرێکانی ئۆدێبو هانزەوە هەیە، هەروەها شیکاریەکانی بۆ هستریاو شیزۆفرینیاو چەندەها نەخۆشی تر.

**هەندێک لاپەڕەی بڵاونەکراوەی فرۆید:**

من سەرکێشێکی خۆهەڵقوڵێنەرو بوێرو سەختم
من نەزانم نەچاودێری وابەستە، یان بیرمەندم
گۆڤاری لۆنۆفێل ئاوبسرفاتۆری فەرەنسی هەندێک لاپەڕەی بڵاونەکراوەی سیگمۆند فرۆیدی دەرونشیکاری بڵاوکردەوە، گرنگترین شتێک ئەم لاپەڕانە، هەر لەلێکۆڵینەوەو نامەکانی بۆ هاوڕێیانو هاوپیشەکانی ناردوە، هەندێک سیمای لەدایکبوونی (دەرونشیکاری) تێدایە، ئەوەی ئێستا ئێمە دەیکەینە کوردی، هەندێک لەو نامانەیە، کەئاراستەی پزیشکی تایبەتی خۆیو هاوڕێی ویلهمام فلیاسی کردوە، کەنامەی بۆ نوسیوە باسی خەمی تەندروستی خۆی تێدا دەکات، هەمیشە فرۆید هەوڵیداوە رای ئەو وەک پزیشکێ بزانێت، لەبەرئەوەی سەبارەت بەتەندروستی خاوەنی رای بوێرانە بووە، کەباری تەندروستی، یان فیزۆلۆژی بوونەری مرۆیی بەباری دەروونییەوە دەبەستێنەوە

نامەی ٨٥، هاوڕێیەتی ونبوو، یەکی کانوونی دووەمی ١٨٩٦
یەکەم ساتەوەختەکانی ئەمساڵ جوانەو ئەمەوێت پێتبڵێم.. چەندە بەو هەواڵە نوێیانەی لای تۆوە دێن شادمانم.. ئەمڕۆ تۆ بووینە خاوەنی کوڕێک، ئەمەش مژدە بۆ هاتنی منداڵی تر..، لەبەرئەوەی ئەوانەی لەشێوەو جۆری تۆن نابێت ونبن، ئێمەش پێویستمان بەکەسانی وەک تۆیە، من بەهەموو شتێک قەرزارباری تۆم، تۆیت هێمنم دەکەیتەوە، واملێدەکەیت دڵنیا بمو لەتەنهایمدا پاڵپشتم دەکەیت، تاکو مانایەک بۆ ژیانمو تەندروستیم بدۆزینەوە، ئەگەر گرنگیپێدانی تۆ نەبوایە، من ئێستا لەم بارەدا نەدەبووم.

من بەهۆی پشت بەستن بەوێنەو نمونەت هێزی خۆم بەدەست بهێنمو زیاتر متمانەم بەداهێنانەکانم هەبێت، لەبەرئەوەی بەتەنها تۆ واملێدەکەیت بەمتمانەوە بەرەنگاری هەموو ئاستەنگییەکانی ئایندە ببمەوە، لەپێناو هەموو ئەمانەدا، کەواتە من سوپاست دەکەم، دەزانم ئەوەندەی من پێویستم بەتۆیە، تۆ پێویستت بەمن نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم من پێگەیەکی تایبەتیم لەدڵی تۆدا هەیە.

نامەکەت پڕیەتی لەکۆمەڵێکی زۆر لەبیرکردنەوەو هەستی راست، بۆ زانینت تەنها ئەوەندە دەتوانم بڵێم، کەزۆر کاریگەری لەسەر دانام، تاکە بیرکردنەوەیەک کەشادمانی کردم، ئەوەی ئەتوانم هەستی پێبکەم، ئەوەیە ئێمە ئێستا لەیەک کاردا سەرقاڵین، دەبینم تۆ لەبواری پزشیکیدا، دەگەیتە بیرکردنەوەیەکی ئایدیالیستیانەو رۆشن دەربارەی تێگەیشتن لەفیزیۆلۆژیەتی بوونەوەری مرۆیی، بەتەواوەتی وەک من بەشێوەیەکی تاکەکەسی هەوڵدەدەم بەشێوەیەکی نهێنی بەهەمان شێواز بگەمە فەلسەفە

**نامەی ٢٤٤/ ڤیەننا، ٧ی ئایار ١٩٠٠**

سوپاسی ئەو وشە گەرمانەت دەکەم!، هەست بەشانازی دەکەم، لانی کەم بڕواناکەم بەشێکی وابێت.. بریا لەنزیکت بوومایە... کەس ناتوانێت جێگەی هاوڕێیەک بگرێتەوە، هەندێک دەنگی ناوەوەمان هەیە، ئەبێت ئەو کارانەی خۆمم خۆشبوێت، کەتۆ لەبارەیانەوە دەدوێیت.

لەو کاتەی کارەکت لەبەردەمماندا بەتەواوەتی ئامادە دەبێت ((گومانی تێدا نییە، فرۆید مەبەستی لەبەرواری دەرچوونی کتێبی (رێڕەوەکانی ژیان) ە کەساڵی ١٩٠٦ چاپدەکرێت))، لەلایەن هەڵسەنگێنەرانەوە بەشێوەیەک ناچیزە حوکمی بەسەردا دەدرێت، گومانی تێدا نییە، ئەمە لەگەڵ هەموو داهێنانێکی گەورەدا دەکرێت... سەبارەت بەمن مەسەلەکە جیاوازە، من دەتوانم لەسەر ئەم جۆرە کارانە سور بم، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکێکی نوێی هەیە.

**نامەی ژمارە ٣٩، ڤیەننا، ١٩ی نیسان ١٨٩٤: پشکنینی پزیشکی**

لەو بەروارەوە (واتە بەر لەسێ هەفتە)، (پێدەچێت فلیاس جارێکی تر ئامۆژگاری کردبێت، کەواز لەجگەرەکێشان بێنێت) لەراستیدا لەو بەروارەوە، هەستم بەهیچ شتێکی گەرم لەنێو لێوەکانمدا نەکردوە، لەو رۆژەوە ئەتوانم بەو شێوەیە تەماشای جگەرەکێشانم بکەمو ئیرەییانت پێنەبەمو حەزیش ناکەم بگەڕێمەوە سەر ئەو کارە، ئەم کارە بۆ من زۆر ئاسان بوو، تاکو ژیانم رێکبخەمەوەو بەشێوەیەکی نوێ بگەڕێمەوە بۆ سەر کارەکەم.. کارەساتی ئەو مەحرومبوونە لەهەموو شتێک ناخۆشتر بوو، کەچاوەڕێم دەکرد، بەڵام ئایا ئەمە کارێکی ئاسایی نییە؟

بەم شێوەیە لەپڕ ئەم قەیرانە دەرکـەوت، مەبەستم کارەساتی دڵە، ئەوەی من پێوەی دەناڵێنم، ئەوەیە لێدانی دڵم نارێکخراوە، فشاری خوێن بەشێوەیەکی بەردەوام بەرزە، هەست بەتەنگەنەفەسیو سوتانەوە دەکەم، وەک ئەوەی ئاگر لەجەستەم بێتەدەرێو بەرەو لای باڵی چەپم بێت، ئەمانە هەمووی بەردەوامە، دەتوانم بڵێم سێ لەسەر چواری رۆژگار، من ئەم حاڵەتەم هەیەو هەموو هاوسەنگییەکانی تێکداوم، کەلەماوەی جیاجیادا دیمەنی مردنم بۆ دێت، بەبەردەوامی لەماوەی وڕێنەکانمدا ئەم کارەم تووش دەبێتو بەشێوەیەکی یەکبەدوای یەک.

**نامەی ٤٣- ٢٢ی حوزەیرانی ١٨٩٤**

هەستێکی بەردەوامم هەیە، فکرەیەک لەمێشکمدایە، شتێک لەسازشی تێدایەو ناتوانم بەشێوەیەکی زانستی باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە ئازار بەدەست چەند گرفتێکی تەندروستییەوە دەکێشم، کەماوەی چوار، یان پێنج، یان هەشت ساڵە بەردەوامە، لەگەڵ هەندێک کاتی خراپدا، هەندێکجاریش باشە، دواتر لەتەمەنی چل بۆ پەنجا ساڵی کتو پڕ بەهۆی جەڵتەی دڵەوە دەمرم، ئەگەر ئەمە لەتەمەنێکی کورتدا لەسنوری چل ساڵیدا رووبدات، ئەوا زۆر باشتر دەبێت.

**نامەی ٧٨- ڤیەننا، ٢٠ تشرینی یەکەم ١٨٩٥**

شەوێکیان لەهەفتەی رابردوو کەسەرقاڵی کارکردن بووم، ئازارم گەیشتە دوائەندازە، لەو قۆناغەی ئێنر مێشکم کارناکات، هەستمکرد بەربەستێک لەنێوان منو مێشکمدا دروستبوە، هەروەها پەردەکان کەوتنو کەوتمە ئەو پێگەیەی هەستێکی زۆرم هەبوو، کەدەتوانم بچمە ناو کارەکانی هەستەوەو بچمە ناو وردەکارییەکانی حاڵەتی دەمارییەوە، هەستمکرد هەموو شتێک لەگرێژنە چوون، وەک ئەوەی ئەم کارە لەئامێرێکەوە دەربچێت، کەبەخۆی کاربکات.

**نامەی ٢٣٥/ ڤیەننا ١ی شوبات ١٩٠٠**

زۆرجار هەستدەکەم زۆر بەتوندی پشگیریم دەکەیت، بەو ئەندازەیەی زۆرجـار زیادەڕۆیی لەو پشگیرییەدا دەکەیت.. دەزانیت، من بەتەواوەتی زانانیم، یان چاودێرێکی وابەسەتە، یان زانیاریەک ئەزمونێکە، یان بیرمەندێک، جگە لەسەرکێشێک گەر بیەوێت بەرەنگاربوونەوە بکات، من سەرکێشێکی خۆتێهەڵقوڵێنەرو بوێرو پتەوم، ئاساییە پاڵپشتی ئەو جۆرە کەسانە بکەین، ئەگەر بێتو بگەنە شتێکی سەرکەوتوو، یان بگەنە دۆزینەوەیەکی دیاریکراو، ئەگەر پێچەوانەکەی روویدا، هەمووان فەرامۆشیدەکەنو رەتیدەکەنەوە، بەڵام ئێستا هەستدەکەم بەخت یارم نییەو چیدی هیچی باشم دەستناکەوێت...

**نامەی ١٥/١٠٢ی تەموز ١٨٩٦.**

پیرەمێردەکە بەدەست میزەچۆڕکێکو میزەڵدانەوە دەناڵێنێتو چیدی ناتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی خواردنی هەبێت، جگە لەمانە لەرودی دەرونییەوە زۆ هیلاکە، هەستدەکەم کۆتایی نزیک بووەتەوە، بەڵام ناتوانم کاتێکی بۆ دیاربکەمو ناشتوانم وازیلێبهێنم... لەگەڵ ئەم هەموو دۆخە تەندروستییەی ئەم پیرەمێردەدا، نامترسێنێت، یان لەپێشکەشکردنی یارمەتی پشوپێدانیدا دوابکەوم، ئەو پیاوە زۆر گرنگو باش بوو، لەناخەوە شادمان بوو، بەڵام ئێستا ئەوەتا ئازار ئەچێژێت، بەڵام هەناسەی خەمباری هەڵناکێشێتو بەکزیو بێدەنگی دەکوژێنەوەو خاوەنی دەوورنبەرزییەکی گەورەیە، بەڕاشکاوانەوە مانەوەی لەژیاندا بۆ ناخوازم،

تازیاتر ئازار نەچێژێتو خوشکە عازەبەکەشم بەبۆنەی ئەوەوە خەمنەخواتـ، کەئێستا ئەو بەخێوی دەکات.

**نامەی ١٠٨- ٢٦ی تشرینی ١٨٩٦.**

دوێنێ پیرەمێردەکەمان ناشت، کەلەشەوی ٢٣/١٠ نادوا چرکە خۆڕاگر بوو، وەک چۆن هەموو تەمەنی هەر واپتەو بوو، هەستدەکەم لەدواجاردا، تۆشی خوێنبەربوونی مێشک بووبێتو تای بەرزبووبێتەوەو بەبەردەوام لەحاڵەتو هەڵچونی دەرونیەدا بووەو لەشەودا ئەم حاڵەتە لەخەوی هەستاندوە.. هەموو ئەمانە روویانداو من لەقوناغێکی دەرونی خراپدا دەژیم، هەستدەکەم زۆر هیلاکم

**نامەی ١٠٩ (ڤیەننا) تشرینی دووەم ١٨٩٦**

لەم رێگا تەومژاوییەوە، لەپشت هەستی فەرمییەوە، دەنگی ئەم پیرەمێردە زۆر کاری تێکردم، زۆر بەهەند ئەوەم وەرگرتبوو، باش لێینێگەیشتبووم، پێگەیەکی لەژیانی مندا هەبوو، بەم هەموو تێکەڵە تایبەتەی هەیەتی، لەحیکەمەتێکی قوڵو شاراوەو پڕ لەشۆخی، بەر لەوەی بمرێت ژیانی بەماوەیەکی درێژ کۆتایی هاتبوو، بەڵام لەم هەموو بۆنەیەدا، بێگومان لەهەموو شتێکدا رابردوم زیندوکردەوە، بەڕاستی ئێستا هەستدەکەم من بێڕەگو ریشەم (...).

**نامەی ١٤١، ڤیەننا، ٣ی تشرینی یەکەم ١٨٩٧**

(....) بەر لەچوار رۆژ، بۆ دەرونشیکاریم، کەبەپێویستی دەزانم بۆ رونکردنەوەی سەرجەمی مەسەلەکە، دوابەدواییەکی خەونو هەڵگرتنی زانیاریو خاڵی زۆر تەرکیزکردندن (...)

**نامەی ١٤٢- ١٥ی تشرینی یەکەم ١٨٩٧**

ئۆدیب تاکو ئێستا هیچی نوێم نەدۆزییەوەتەو، جگە لەو دەرهاویشتانەی لەسەری راهاتوم، بەڕاشکاویی کارەکە هەروا بەئاسان نایەتە بەرچاوم، بابەڕاستی لەگەڵ خۆمان ڕاسنگۆ بین، کارەکە لەوپەڕی قورسیادایە، مەشقێکی فرە مەزنە،

بیرۆکەیەکی سەرکی لەمێشکمدا دێتو دەچێت، هەروەها منیش هەستم بەخۆشەویستییەکی گەوەرە بەرامبەر دایکم کردو هەستم بەئیرەیی بەرامبەر بەباوکم کرد، هەستدەکەم ئەمە پەیوەندی بەمێژووی منداڵیمەوە هەیە... لێرەدا دەتوانین بیر لەئۆدیبی پاشا بکەینەوە، لەگەڵ ئەو هەموو بەرەنگارییانەی دەڵێت، ئەقڵ دەتوانێت بەرنگاری قەدەرو چارەنوس ببێتەوە...، ئەم ئەفسانە گریکییە لەو بنەما فکرییەوە کاردەکات، کەدەڵێت هەموو مرۆڤێک بۆخۆی گرفەتەکە ئاشکرا دەکات، لەبەرئەوەی بوونی خۆی لەم گەردونەدا زانیوەو لێنێگەیشتوە.. مرۆڤ رۆژێک لەرۆژان ئۆوێکی ئەم ئۆدیبە بووە.

سەرچاوە:

0061018wza2. htm/http://www. iraqcp. org/members4